Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# سیستمی سیاسیی یەكێتیی سۆڤیەت – گۆڕانكاریی و دارِمانی ١٩٨٥ - ١٩٩١

م. عبدالخالد صابر كريم

بەشی مێژوو- كۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەكان- زانكۆی سلێمانیی

abdulkhalid.karim@univsul.edu.iq

**پوختە:**

ئامانـج لـەم توێژینەوەیـە ئاماژەدانـە بـە سیسـتمی سیاسـیی یەكێتیـی سـۆڤیەت لـە سـەردەمی حوكومڕانیـی گۆرباچۆڤـدا، لەبەرئـەوەی لـە مـاوەی دەسـەڵاتەكەیدا دوو بیرۆكـەی پیریسـترۆیكا و گلاسنۆسـتیی هێناوەتـە ئـاراوە بـە مەبەسـتی چاكسـازیی ریشـەیی و رزگاركردنـی ئـەو وڵاتـە لـەو بارودۆخـە دژوارەی كـە هەمـوو بوارەكانیـی گرتبـووەوە هـەر لـە سـەردەمی سـتالین تاوەكـو چرنینكـۆ. ئـەم توێژینەوەیـە بـە میتـۆدی لێكۆڵینـەوەی شـیكاری لـە چوارچێـوەی شـێوازی پێكهاتەییـدا پەیـڕەو كـراوە، بـۆ ئـەوەی لـەم رێگەیـەوە زانیاریـی لەسـەر شـێوازی سیسـتمی سیاسـیی لـە سـەردەمی گۆرباچـۆڤ دا لـە یەكێتیـی سـۆڤیەت دا بخرێتـەڕوو. لـە تـەوەری یەكەمـی ئـەم توێژینەوەیـەدا ئامـاژە بـە سیسـتمی سیاسـیی یەكێتیـی سـۆڤیەت لـە سـەردەمی گۆرباچـۆڤ و گۆڕانـكاری نـوێ بـە دارشـتنی بیرۆكـەی پیریسـترۆیكا و گلاسنۆسـت دراوە، بـۆ چارەسـەركردنی بارودۆخی سیاسـیی و ئابووریـی و كۆمەڵایەتیـی یەكێتیـی سـۆڤیەت لـە رێـی ئـەو دوو بیرۆكەیـەوە كاری بـۆ ئەكـرا، بـەڵام رووبـەڕووی دژایەتیكـردن لـە ناوخـۆ و دەرەوەدا بـووەوە. لـە تـەوەری دووەمـدا ئامـاژە بـە سـەرهەڵدان و پەرەسـەندنی گرژیـی و ئاڵۆزییـەكان لـە سیسـتمی سیاسـیی یەكێتیـی سـۆڤیەت لـە ناوخـۆ و دەرەوەیـدا دراوە، هەرچەنـدە گۆرباچـۆڤ هەوڵـی زۆری دا بـۆ باشـتركردنی ئـەو وڵاتـە. لـە تـەوەری سـێیەمدا ئامـاژە بـە لێكهەڵوەشـانی یەكێتیی سـۆڤیەت و هاوپەیمانانـی – بلۆكـی رۆژهـەڵات دراوە. ئاستەنگەكانی ئـەو توێژینەوەیـە لەوەدایـە ئـەو سـەرچاوانەی كـە لـە بـارەی ئـەم بابەتـەوە نووسراون سـاڵانێكی زۆر بەسـەر لـە چاپدانیانـدا تێپەڕیـوە، لەبەرئـەوە هـەوڵ و ماندووبوونـی زۆری ویسـتووە تاوەكـو دەسـتكەوتوون، چونكـە زۆربـەی ئـەو سـەرچاوانە بـە زمانەكانـی عەرەبیـی و ئینگلیزیـی نـووسراون، تەنانـەت هەندێـك سـەرچاوەی كوردیـی زیاتـر لـە زمانەكانەكانـی تـرەوە وەرگێـڕراون، سـەرچاوەكان بەشـی زۆریـان سـاڵانێكی زۆر بەسـەر لـە چاپدانیانـدا تێپـەڕ بـووە، كـە هەندێكیـان لایەندارانە و هەندێكـی تریـان بێلایەنانـە نـووسراون، كـە بـۆ هـەردوو جۆرەكـە پێویسـتییان بـە شـیكردنەوە هەیـە.

**كلیلـە وشـەكان: دامەزراندنـی یەكێتیـی سـۆڤیەت، پیریسـترۆیكا و گلاسنۆسـت و سـەردەمی چاكسـازیی، سـەرهەڵدانی قەیرانـی سیاسـیی، دارمانـی سیسـتمی سیاسـیی یەكێتیـی سـۆڤیەت.**

Recieved: 29/7/2024
Accepted: 3/9/2024

## پێشەکیی:

لە ئەنجامی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧دا، کۆتایی بە دەسەڵاتی ئیمپراتۆریای رووسیای تزاریی هات، بەو هۆیەوە دەسەڵاتێکی نوێ هاتە ئاراوە، هەرچەندە لە سەرەتادا حکومەتێکی کاتیی پێکهات، بەڵام لە ساڵی ١٩٢٢دا دەسەڵاتی بەلشەفیك حوکومڕانیی وڵاتیی گرتە دەست. لە سەرەتای حوکمڕانی جۆزێف ستالیندا هەوڵی چاکسازیی دراوە، بەڵام لە دوای چوار ساڵی حوکومڕانیی ئەو وڵاتەی بەرەو بارودۆخێکی دژواریی سیاسیی برد کە خۆی ئەبینییەوە لە رێگریی لە ئازادیی دەربڕین و تیرۆرکردنی نەیارانی، کە ئەو ماوەیە ناسرابوو بە دادانەوەی پەردەی ئاسنین، دواتر حوکومڕانیی نیکیتا خرۆشۆف دێت کە ماوەی حوکومڕانییەکەی ناسرابوو بە سەردەمی کرانەوە، کە سەرەتای بیرۆکەی پیریسترۆیکا بۆ ناوبراو ئەگەڕێتەوە و ویستی لەو رێیەوە چاکسازیی فراوان لە هەموو بوارەکاندا بکات، بەڵام پارتی کۆمۆنیستیی رێگریی لە خرۆشۆف کرد و دواتر لە دەسەڵات دوورخرایەوە، دوای ئەو سەردەمی حوکمڕانی لیۆنید بریجنێڤ دەست پێ ئەکات کە زۆربەی سیاستەکانیی ئەگەڕایەوە بۆ سەردەمی ستالین و نەشیتوانی پەرە بە چاکسازییەکانیی سەردەمی حوکومڕانیی پێش خۆی بدات، بەو هۆیەوە یەکێتیی سۆڤیەت لە رووی سیاسیی و ئابوورییەوە بەرەو گەندەڵیی هەنگاوی ئەنا، تەنانەت گەیشتە ئەو ئاستەی کە بنەماڵەی دەسەڵاتیش لەو گەندەڵییانەوە تێوەگلا.

دوو حوکومڕانیی دواتر ئاندرۆپۆڤ و چرنینکۆ دێن، لەبەرئەوەی ماوەی حوکومڕانییان سێ ساڵ بوو، نەیانتوانی سۆڤیەت لەو بارودۆخە دژوارە رزگار بکەن. دواتر لە ساڵی ١٩٨٥دا میخائیل گۆرباچۆڤ دەسەڵات ئەگرێتە دەست لە کاتێکدا بوو یەکێتیی سۆڤیەت لە بارودۆخێکی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی دژواردا بوو، بۆ چارەسەرکردنیی ئەو بارودۆخە ناوبراو بیرۆکەی پیریسترۆیکا و گلاسنۆستیی دارشت، کە ویستی لە رێی ئەو دوو بیرۆکەیەوە چاکسازیی و گۆڕانکاری لە یەکێتیی سۆڤیەتدا بکات کە نەك لە ناخۆی ئەو وڵاتەدا دەنگی دایەوە، بەڵکو لە ئەورووپا و جیهانیشدا، بەڵام بە هۆی ئەو ئاستەنگانەی هاتنە بەردەمیی نەیتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، لە لایەکی ترەوە ئەو بارودۆخە دژوارە وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵاتی هاوپەیمانیشیی گرتبووەوە، کە لە چەندین وڵاتیی ئەو بەشەی ئەورووپادا دژایەتی سیستمی سیاسیی سۆڤیەت ئەکرا، کە لە سەرەتادا لە پۆڵندا دەستپێکرد تاوەکو رووخانی دیواری بەرلین و جیابوونەوەی کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیەت و هەڵوەشانەوەی بلۆکی رۆژهەڵاتی لە ساڵی ١٩٩١دای بەدواداهات.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە لەبەرئەوەیە بە زمانی کوردیی زۆر بە کەمیی توێژینەوە لەسەر ئەم بابەتە کراوە، تەنانەت ئەوەشی کرابێت بە شێوەیەکی کورت بووە، هەروەها بەشێکی زۆر لەو سەرچاوانەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتوون لە پێشتردا بەکارنەهێنراون ئەمە لە لایەك، لە لایەکیی ترەوە ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر یەکێتیی سۆڤیەتدا هات لە ساڵانی ١٩٨٥ تاوەکو داڕمانیی لە ساڵی ١٩٩١ و نەمانیی بلۆکی رۆژهەڵات – پەیمانیی وارشۆ، ئەو رووداوە پەیوەندیی بەردەوامیی بەو گۆڕانکاریانەوە هەبووە لەو وڵاتەدا کە دواتر ناوەکەی بۆ رووسیای فیدراڵیی گۆڕدرا، تەنانەت پەیوەندی راستەوخۆیشیی بە هەڵایسانی جەنگیی رووسیا – ئۆکرانیای شوباتیی ٢٠٢٢- وە هەیە.

گرنگیی و بایەخیی توێژینەوەکە بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە، رووسیا و دواتریش کە ناوەکەی بۆ یەکێتیی سۆڤیەت گۆڕدرا بە هۆی پێگە جوگرافیاکەی کە پانتاییەکیی گەورەی هەیە بە درێژایی سەردەمەکان رۆڵێکی دیاریی لە ناوچەکەدا لە رووی سیاسیی و سەربازیی و ئابوورییەوە هەبووە، ئەو رۆڵە سیاسییەی زیاتر لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی یەکێتیی سۆڤیەت هەبووە چ لەسەر ئاسیا و چ لەسەر ئەورووپا، هەروەها لەسەر نەتەوەکانی دەوروبەریشیی. سیستمی سیاسیی ئەو وڵاتە لە سیستمی سیاسیی وڵاتانی ناوچەکە و ئەورووپا جیاواز بووە، ئەو گۆڕانکاریە سیاسیانەی کە تیایدا

روویان داوە نەك لە مێژووی ئەو وڵاتەدا بایەخی تایبەتیی هەبووە، بەڵکو لەسەر مێژووی جیهان بە گشتیی.
ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە پێشەکیی و پاشخانێکی مێژوویی سیاسیی یەکێتیی سۆڤییەت و سێ تەوەر و ئەنجام و پاشکۆ و لیستی سەرچاوەکان. لە تەوەری یەکەمدا ئاماژە بە سیستمی سیاسیی یەکێتیی سۆڤیەت لە سەردەمی گۆرباچۆڤ و گۆڕانکاری نوێ بە داڕشتنیی بیرۆکەی پیریسترۆیکا و گلاسنۆست دراوە، بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی یەکێتیی سۆڤیەت لە ڕێی ئەو دوو بیرۆکەیەوە کاری بۆ ئەکرا، بەڵام رووبەڕووی دژایەتیکردن لە ناوخۆ و دەرەوەدا بووەوە.
لە تەوەری دووەمدا ئاماژە بە سەرهەڵدان و پەرەسەندنیی گرژیی و ئاڵۆزییەکان لە سیستمی سیاسیی یەکێتیی سۆڤیەت لە ناوخۆ و دەرەوەیدا دراوە، هەرچەندە گۆرباچۆڤ هەوڵی زۆری دا بۆ باشترکردنی ئەو وڵاتە، بەڵام ناکۆکیی لە ناوخۆی وڵات و پەلهاویشتنیی بۆ ناکۆکیی نێوان سۆڤیەت و هاوپەیمانانیی لە ئەورووپای رۆژهەڵات نەیتوانی سەرکەوتن بەدەستبهێنێت. لە تەوەری سێیەمدا ئاماژە بە لێکهەڵوەشانیی یەکێتیی سۆڤیەت و هاوپەیمانانیی - بلۆکی رۆژهەڵات دراوە، کە بە هۆی ناڕەزایی ناوخۆ و کۆمارەکانی ناو یەکێتیی سۆڤیەت لە دژی دەسەڵات لە لایەك و وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵاتی هاوپەیمانیی سۆڤیەت لە لایەکی ترەوە بوونە هۆی دارمانی ئەو وڵاتە و بلۆکی رۆژهەڵات لە ساڵی ١٩٩١دا.

بە گشتیی سەرچاوەکان سوودیان لێ وەرگیراوە، بەڵام هەندێك سەرچاوە زیاتر بەکارهێنراون لەوانە کە بە شێوەی ژمارە ئاماژەیان پێ ئەدریت:

١. لە لیستیی سەرچاوە کوردییەکاندا ، ژمارە (٢، ٥).
٢. لە لیستیی سەرچاوە عەرەبییەکاندا، ژمارە (١٣،١٢،١).
٣. لە لیستیی سەرچاوە ئینگلیزییەکاندا، ژمارە (١, ٤, ١٠).
٤. لە لیستیی بڵاوکراوەکاندا بە زمانی ئینگلیزیی، ژمارە (١)

## پاشخانێکی مێژوویی سیاسیی یەکێتیی سۆڤیەت:

لە دوای رووخانی دوا دەسەڵاتی رووسیای تزاریی (نیکۆلای دووەم) لە ئازاری ١٩١٧دا، حکومەتێکی کاتیی بە سەرۆکایەتیی ئەلیکسەندەر کیرنیسکیی پێکهات و بەرنامەی چاکسازیی خۆی راگەیاند کە پێکهاتبوو لە دابینکردنی ئازادی سیاسیی و چارەسەرکردنی کێشەی وڵات بەو ڕێگایانەی کە هەموو لایەنە جیاوازەکان پێی رازی بن، ئەو راگەیاندنە دەنگۆیەکی گەورەی لە نێوان ناوەندەکان دایەوە، لە هەمان کاتدا ئەو حکومەتە بەردەوامبوونی بەشداریکردنی لە جەنگیی یەکەمدا راگەیاند. (تمیرلی، ١٩٦٧: ٣٦).
ئەو هەڵوێستەی کیرنسکیی وایکرد وڵاتانی زلهێزیی وەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و فەرەنسا و بەریتانیا و ئیتاليا و ژاپۆن لە کانونی یەکەمی ١٩١٨دا کۆنگرەیەك لە پاریس رێکبخەن، لەوێدا بڕیاردرا لە دژی شۆڕشی ئۆکتۆبەری رووسیی بووەستنەوە، بۆ ئەم مەبەستە پشتگیری شۆڕشی پێچەوانەیان کرد کە لە ناوچەی سیبریادا لە لایەن دوو جەنەراڵیی سەربازیی (کۆرنیلۆڤ، کۆلجاك)، حکومەتێك بە ناوی کۆلجاك پێکهاتبوو، (برایسی، ١٩٦٠: ٣١٢-٣١٤)، بەڵام لە ئازاری ١٩٢١دا کۆمۆنیستەکان توانیان هەوڵەکانی وڵاتانی زلهێزیی ناوبراو پووچەڵ بکەنەوە و هەموو ئەو زەوییانەی حکومەتیی کۆلجاك کە لە ژێر دەستیدا بوو، بگەڕێننەوە ژێر رکێفی خۆیان بەمەش کۆتایی بە جەنگیی ناوخۆیی

رووسیا هات. (زارودوف، ١٩٧٥: ١١٥).

بە مەبەستی دامەزراندنی حوکومڕانییەکی کۆمۆنیستیی هەریەکە لە سەرکردەی پارتی بەلشەفیك بە ناوی (ڤلادیمێر لینین)، ناوبراو بە هەماهەنگیی سەرکردەی پارتی مەنشەفیك ( لیۆن ترۆتسکی) لە ڕێی پلانیی هاوبەشەوە توانییان لە ٧ ی تشرینی دووەمی ئەو ساڵە، حکومەتە کاتییەکەی ئەلیکسەندەر کیرنسکیی لە کاربخەن و دەسەڵات بگرنە دەست. ئەمانە ئامانجە سیاسیی و ئابوورییەکانی خۆیانیان لەسەر بنەمای تیۆرەکانی (کارڵ مارکس) داڕشتبوو، کە شێوەیەك بوو لە سۆشیالیزم و باوەڕیشیان وابوو، کە هەموو لایەنە ئابوورییەکان ئەبێت لە لایەن دەوڵەتەوە بە نوێنەرایەتی کرێکاران دەستیان بەسەردا بگیرێت و بەڕێوە ببرێت، بەڵام دوای ماوەیەك ناکۆکی کەوتە نێوان ئەمان و لایەنگرانی دەسەڵاتی تزاریی رووسیا، کە سێ ساڵیی خایاند، دواجار بەلشەفیکەکان کە نازناوی (سوورەکان) یان لێ نرابوو بەسەر ئەواندا زاڵبوون، ئەوەش لە دوای شەڕێکی خوێناوییەوە بوو، کە هەزاران مرۆڤ لەنێوان هەردوو لادا کوژران. (Robert, ١٩٧٢: ٩٩٩).

بۆ دەستبەسەراگرتنی موڵکە تایبەتیەکان کە لە ژێر دەستی کەسانیی نزیك بە سەرۆکی رووسیای تزاریی بوون، لە ماوەی ساڵانی ١٩١٨-١٩٢١ سەرکەوتووانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر (کۆمۆنیستەکان)، لەسەر بنەمای سیاسەتێك بە ناوی (کۆمۆنیزمیی جەنگیی)، لە ڕێی هێزەوە باوەڕی خۆیان کە مارکسیی بوو بەسەر ئابووریی وڵاتدا بسەپێنن و دواتر مافی موڵکایەتیی تایبەتیان هەڵوەشاندەوە (دان، ٢٠٠٩ :١٢٦).

هەرچەندە شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە رووسیادا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەڵام کۆمۆنیستەکان تاوەکو ساڵی ١٩٢١ نەیانتوانی دەست بەسەر هەموو ئیمپراتۆریای رووسیادا بگرن، هۆکارەکەی بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کە نەیارێکیی توند لە دژی رژێمی کۆمۆنیستیی لە ئارادا بوو، بەڵام هەموو نەیارەکان یەکیان نەگرتبوو، لە لایەکی ترەوە کەمینەکان و نەتەوەکان خوازیاریی جیابوونەوەیان هەبوو، جگە لەو هۆکارانە هۆکارێکی تریش ئەوە بوو، هەندێك پارتی سیاسیی بەدەر لە کۆمۆنیستیی خوازیاریی دامەزراندنیی سیستمێکیی پەرلەمانیی دیموکراسیی هاوشێوەی سیستمی پەرلەمانیی فەرەنسیی یاخود بەریتانیی بێت. (رولوفن، ١٩٥٩: ٢١٣)، بەڵام دەسەڵاتداریی بەلشەفیك، لە ٣٠ ی کانونی یەکەمی ١٩٢٢ دا بە فەرمانێك ناوی وڵاتیی گۆڕی بۆ ((یەکێتیی سۆڤیەتیی سۆشیالیستیی))، ئەو یەکێتییە لەگەڵ چەند وڵاتێکی دراوسێیدا پێکهات و لینین سەرۆکی ئەو دەوڵەتە نوێیەی گرتە دەست، هەروەك پێشتر پلانیی داڕشتبوو بۆ جێبەجێکردنی سیستمێکیی سۆشیالیزمیی لەسەر بنەمای فەلسەفەی مارکسیی لە وڵاتدا. (لیلتشوك، بولیاکوف، برونوبوف، ١٩٧٣: ١٥٥).

لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە و بە رووخانی دەسەڵاتی هیتلەر، ئەوروپا لە نێوان دوو بەرەی رۆژهەڵات و رۆژئاوادا دابەشکرا، بە هۆی سەپاندنی دەسەڵاتی کۆمۆنیستیی لە لایەن ستالینەوە بەسەر وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئەوروپا، سیاسەتیی دەستوەردانیی لە هەندێك لەو وڵاتانەدا کرد لەوانە رۆمانیا، ئەلبانیا...، بەو هۆیەوە سەپاندنی دەسەڵاتی سۆڤیەتیی کۆمۆنیستیی بەسەر ئەو بەشەی ئەوروپادا ئەنجام درا، ونستن چەرچڵ سەرۆك وەزیرانیی بەریتانیای ئەو کاتە، لەو بارەیەوە ئەڵێت: «لە ئستەتینیی بەڵتیکەوە تاوەکو تریست ئادریاتیك، پەردەیەکی ئاسنین لە سەرانسەریی کیشوەردا دادراوەتەوە (پێترۆزا، ٢٠٠٩ :٢٢-٢٣).

لە دوای جەنگەکە، بە هۆی پێشڕەوی سوپای سۆڤیەت لە چاو سوپای هاوپەیمانان، توانی بچێتە ناو بەرلین و دوای چەند مانگێك، ئەڵمانیا دابەشکرا بۆ دوو بەش، رۆژهەڵات کە لە ژێر چاودێری یەکێتیی کۆمارەکانی سۆڤێتیی و ناوچەی رۆژئاوا لە ژێر چاودێری داگیرکردنی هاوبەشی ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسادا بێت. سوپای سۆڤیەت بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانە مادییەکانیی لە جەنگەکە، هەموو کارگەکانیی ڕۆژهەڵاتیی ئەڵمانیای بۆ سۆڤیەت گواستەوە،

نەخشەی ستالینیی لەسەر بنەمای پاراستنی کۆنترۆڵکردنیی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و هەژموونیی لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات بوو بە واتای زەوتکردنی ئەو ناوچەیە و ململانێی توندیی ئایدۆلۆژیی لە نێوان کۆمۆنیزم و سەرمایەداریی دامەزرا، هەروەها کێشەی نێوان بلۆکی سۆڤیەت و ڕۆژئاوا بارگرژیی جیهانیی بە دوای خۆیدا هێنایە ئاراوە، کە بە جەنگیی سارد ناسرا (ماتیوز، ٢٠٠٩ :٧٠-٧١).

سەردەمی حوکمڕانی خرۆشۆف ١٩٥٣ – ١٩٦٤ دەستپێکردنی سڕینەوەی سیاسەتیی ستالین بوو، سەرەتا ئەو گۆڕانکاریانەی لە ناوخۆدا ئەکران، کەمکردنەوەی دیاردەی تیرۆرکردن و داخستنی زیندانییەکانیی کارپێکردن بوو، هەروەها گۆڕانکاری لە بابەتێکی گرنگدا ڕوویدا، ئەویش حوکمیی یاسایە بە گەڕاندنەوەی ژیانی ئاسایی بۆ خەڵکیی بە واتایەکی تر نەمانی دەسەڵاتی پۆلیسیی لە دەستگیرکردنی خەڵکیی و لە سێدارەدانیان بە بێ دادگایی کردن، ئەو گۆڕانکاریانە بوونە تایبەتمەندییەك لە جیاکردنەوەی ماوەی حوکومڕانیی ستالین و خرۆشۆف (کلیف، ١٩٩٨: ١٥٢)، لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەدا سەرکردە باڵاکانی پارتی کۆمۆنیستیی هەر بە دەست بیرۆکراتەکانەوە مایەوە، بەڵام کرێکارە ئاساییەکان و جوتیارەکان لە چواریەکی ئەندامانی پارتی کۆمۆنیستیی زیاتر نەبوون (کلیف، ١٩٦٤: ٢٢٣-٢٢٤). هەر لە سەردەمی خرۆشۆفدا لە ساڵی ١٩٥٥دا پەیمانی وارشۆ پێکهات کە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتی ئەگرتەوە، ئەم پەیمانە بەرامبەر بە پەیمانی (ناتۆ) وەستایەوە (بجورنلۆند، ٢٠٠٩ :٤٦, ٨٥).

لە ئاستیی دەرەوەشدا خرۆشۆف گرژییەکانیی کەمکردەوە، ڕێککەوتننامەی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا گرێدا و جەنگیی نێوان سەرمایەداریی و کۆمۆنیستیی بەرپەرچدایەوە، ئەو لەم بارەیەوە ووتویەتی: «ئێستا هەلومەرج زۆر بە قوڵیی گۆڕدراوە، جەنگ شتێکی مسۆگەر و داسەپاو نییە (بجورنلۆند، :٤٦, ٨٥).

ڕابەرانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەو باوەڕەدا بوون، بۆ ئەوەی دەوڵەتی چینیی پرۆلیتاریا پێکبهێنرێت، ئەبێت کارتێکردنی پاشماوەی سەرمایەداریی لەسەر نەبێت، بۆ ئەم مەبەستە بەلشەفیکەکان لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی ڕووسیای تزاریی هەوڵی دروستبوونیی ئەو دەوڵەتەیاندا و لەسەروو هەموویانەوە لینینیی ڕابەریان، مێژوونووس (گرای) لەم بارەیەوە بەم شێوەیە نووسیویەتی: «لینین لە دەوڵەت و شۆڕشدا چەند قۆناغێکیی بە وردییەوە ڕێکخست و هێنایە ئاراوە، کە بۆ هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگەی سەرمایەداریی و پێکهێنانیی ڕژێمێکیی نوێ وای پێویست ئەکرد، ناوبراو ئەیزانی کە ئەبێت بە زوویی لە ڕێگەی پشتیوانی گشتی خەڵکییەوە و بە تایبەتی جوتیاران پێگەی پارتی کۆمۆنیستیی دەسەڵات بەهێز بکات (Grey, ١٩٦٧: ١١٧).

لە دوای ڕاگەیاندنی یەکێتیی سۆڤیەت کە لە چەند کۆمارێکی یەکگرتوویی خاوەن ئۆتۆنۆمیی پێکهاتبوو، سەرۆکایەتی دەستەی ئەنجومەنی باڵای سۆڤیەت مەرسوومێکیان بە پێی دەستووری یەکێتیی سۆڤیەت دەرکرد و لە هەمان کاتدا دەستوورەکانی کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیەتیشیی ئەگرتەوە، ئەو مەرسوومانە جۆرێکی بنچینەیی ڕێساکان بوون کە ئەو دەستانە بڕیاریان لە سەری ئەدا، ڕێساکانیش دەزگای بەڕێوەبردنی ئەنجومەنی سۆڤیەت بوون، ئەنجومەنیش تاکە لایەنیی دەسەڵاتی یاسادانان بوو لە یەکێتیی سۆڤیەتدا یاخود لە کۆمارێکی دیاریکراویی ئەو یەکێتییەدا (غورییف، ١٩٧٧: ٢٨-٢٩). سەبارەت بە هەڵبژاردنی نوێنەرانی نەتەوەکانی یەکێتیی سۆڤیەت لە لایەن هاونیشتمانیانی ئەو وڵاتە و کۆمارە ئۆتۆنۆمییەکان و هەرێمە خاوەن ئۆتۆنۆمییەکان و ناوچە نیشتمانییەکانەوە ئەبێت (KOTOK, ٢٠٢١: ٨).

ئەو دەستوورەی لە سەردەمی لینیندا دارێژرا، پێکهاتبوو لە: گرنگیی ئەنجومەنەکان لە ناو گوندەکاندا، دامەزراندنی ئەنجومەنیی یەکێتیی سۆڤیەت و نەتەوەکان، دەسەڵاتی جێبەجێکار لە ئەنجومەنیی کۆمسیۆنیی نەتەوە و دەستەی سەرۆکایەتیی لیژنەی ناوەندیی بوو، مادەی ٦٧ لە دەستووردا دەسەڵاتێکیی فراوانیی بە پارتەکان دابوو، کۆمارەکانی

یەکێتیی سۆڤیەت هەندێك ئازادییان درابووێ، لەگەڵ ئەوانەدا دەسەڵاتی کردەیی بەرەبەرە بەرەو پارتی کۆمۆنیستیی هەنگاوی ئەنا کە کەوتبووە ژێر رکێفیی ستالینەوە (غوسوف و نعومون، ١٩٧٧: ٣١٩).

لە سەروبەندی فەرمانڕەوای ستالیندا ١٩٢٤ - ١٩٥٣، گرنگیی زۆر بە لایەنی دەسەڵات لە سۆڤیەتدا درا، لەبەرئەوەی ئەم دەسەڵاتە بووەتە هۆی گرێدانی دوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن لە یەك دەوڵەتدا کە لێوەی کرێکاران و جەماوەر ئەگەیشتنە دەوڵەتێکیی پرۆلیتاریی ڕێکخراو کە بە هۆیەوە یەکێتیی ئەنجومەنەکان لە کۆمارەکانی سۆڤیەتدا پێك ئەهات، هەروەها بۆ هەموو دەسەڵاتێك دەوڵەتێك و بۆ هەموو دامودەزگایەکیش دەوڵەتێك هەبووە، کە جۆرێکی نوێ بوو بۆ ڕێکخستنیی دەوڵەت، ئامانجەکانی دیکتاتۆریەتیی پرۆلیتاریشیی تێدا بەدی هاتووە. (ستالین، ١٩٥٩: ٦٠).

هەرچەندە لە سەردەمی لینیندا پەیڕەوی دیکتاتۆریەتیی پرۆلیتاریا کراوە، بەڵام دوای کۆچیی دوایی کردنی ناوبراو، بارودۆخێکی دژوار رووبەڕووی پارتی کۆمۆنیستیی بووەوە لە هەڵبژاردنی هەنگاوەکانی بنیاتنانی سۆشیالیستیی کە هەڵبژاردنی زۆربەی ئەندامانی ئەو پارتە کەوتە سەر شانی ستالین، ئەو کارە وای لە ناوبراو کرد کە دەسەڵاتەکەی لە دیکتاتۆریەتیی پرۆلیتاریاوە بەرەو رژێمێکیی خۆسەپێنەر هەنگاو بنێت، بە هۆی ئەوەوە توندوتیژیی بووە یەکێك لە ئامرازە هەستیارەکان بۆ جێبەجێکردنی پلان و پرۆگرامە کۆمەڵایەتیە ئابوورییەکان (رولوفن، ١٩٥٩: ١٨٥).

لینین و ستالین لە سەرەتای دەسەڵاتیانەوە بەشێوەیەکی تایبەت ئامانجیان لەم پرۆسەیەدا تێکەڵکردنی نەتەوەکانی ئەگرتەوە کە لەوە و پێش وێنەی نەبووە، ئەو سەرکردانەی بەلشەفییەکان ئەیانویست ئیمپراتۆریای روسیی بۆ ئیمپراتۆرۆیای کۆمۆنیستیی بگۆڕن، کە دەوڵەتێکی مارکسیی – لینینیی لە وێنەیەکی زەقیی نیشتمانیی سۆڤیەتدا جێ بکەنەوە، ئەوەش جۆرێك بوو لە ئایدیۆلۆژیای ئیمپریالیزمی زیادڕەو لە پێشخستنیی گەلدا، بە واتای ئەوەی لە دوای دەوڵەتی نەتەوەیی کۆمەڵگەیەك لە ئەندێشەیاندا دابڕێژن، کە دواتر ئەو بیرۆکەیەیان بووە هۆی دروستبوونی دەوڵەتی سۆڤیەتیی فرەنەتەوە. (باستور ٢٠١٠: ٢١٠).

هەرچەندە حوکومڕانییەکەی ستالین شێوازێکی سەرکوتکەرانەی لەخۆگرتبوو، بەڵام لەو کاتانەدا یەکێتیی سۆڤیەت هەم خۆی گرت هەم رووە و ئەوروپای رۆژهەڵات و چین و چەندین وڵاتی تری ئاسیا هەنگاوینا، بەڵام پارتە کۆمۆنیستەکانی ئەوروپای رۆژهەڵات لە دوای جەنگیی دووەمی جیهانییەوە لەگەڵ ئەو سیستمە سیاسییە کۆمۆنیستییەی سۆڤیەت نەئەگونجان، ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٤٨دا بە رابەرایەتی جۆزێف بڕۆز تیتۆی سەرۆك کۆماری یوگوسلافیا سیستمێکی کۆمۆنیستانەی تایبەت بە خۆیان دارشت، ئەم سیستمە لەسەر ڕێڕەوی سەندیکالیزم (Syndicalism) ئەڕۆیشت و چەمکی (خۆکارگوزاریی) کردبووە بنەما (لاشۆن، ٢٠٠١: ٧٧ – ٧٨).

سەبارەت بە سیاسەتیی دەسەڵات بەرامبەر بە نەتەوەکانی ناو یەکێتیی سۆڤیەت لە دوای سەردەمی حوکومڕانی ستالین تا رادەیەك گۆڕانکاری بەسەردا هات، ئەوەش بە کەمکردنەوەی پلەو پایەی سەرکردەکانی پارتی کۆمۆنیستیی کۆمارەکانی ناو یەکێتیی سۆڤیەت، لەبەرئەوەی پێشتر بە شێوەی زیادەڕەوی پشتگیری سیاسەتەکانیی ستالینیان بەرامبەر بە نەتەوەکان ئەکرد (Cliff, ١٩٦٤: ٣٢٩ - ٣٣١).

ئەم پرۆژەیەی کە ستالین بەردەوام کاری بۆ ئەکرد مەبەستی لەوە بوو تاوەکو دەوڵەتێکی فراوان دروستبکات و ببێتە هێزێکی گەورە چ لە ئاسیا و چ لە ئەوروپا، ئەوە بوو لە تشرینی دووەمی ١٩٣٩دا هەنگاوی یەکەمی پرۆژەکەی سەرکەوت کە چەند وڵاتێك چوونە ناو یەکێتیی سۆڤیەتەوە، لەوانە ئۆکراینا و بیلارووسیا، لە تەمموز و ئابی ١٩٤٠یشدا کۆمارەکانی لیتوانیا، لاتیڤیا، ئیستۆنیا و مولداڤیای سۆشیالیستیی چوونە ناو یەکێتیی سۆڤیەت (لیتلشوك واخرون، ١٩٧٣: ٥٧٩).

## تەوەری یەکەم: سیستمی سیاسیی یەکێتیی سۆڤیەت لە سەردەمی گۆرباچۆڤ و گۆڕانکاری نوێ بە داڕشتنیی بیرۆکەی پیریسترۆیکا و گلاسنۆست.

بە هۆی سیاسەتە هەڵەکانییەوە لە هەندێك رووەوە، خرۆشۆف حوکمڕانییەکەی گەیشتە قۆناغی قەیران، بەوەی نەئەکرا هەڵە گەورەکانی ناوبراو لە سیاسەتی دەرەوە و تێکشکانەکانی لە کاروباریی ناوخۆییدا فەرامۆش بکرێت، کە بریتی بوو لە دوو پارچەکردنی زیاتری دەزگاکانی دەوڵەت و لقەکانی پارتی کۆمۆنیست و گۆڕینیی ئەوانە بۆ دەزگای سەربەخۆ، کە دەستەیەکی پیشەسازیی و دەستەیەکی کشتوکاڵیی لێ کەوتبووەوە، پیشەسازییەکانی سەر بە کۆمیتەکان لە ناوچەکان و ئەنجومەنەکان  تا ڕادەیەك سەرپەرشتی دانیشتوانیی شارەکانیان ئەکرد و بواری کشتوکاڵیش کە سەر بە کۆمیتەکان بوون سەرپەرشتی دانیشتوانی لادێکان و دەزگا پەیوەندیدارەکانیان لە ئەستۆدا بوو. ئەم دوو پارچەکردنە لە بەشێکی سەرەکیی کاروبارەکاندا بە شکست کۆتایی هات، لەبەرئەوەی ئاڵۆزیی و بێ سەروبەرەیەکی نەخوازراویی هێنایە کایەوە و هەروەها ئەو هێزە فراوانەی لە بەڕێوەبەران و بیرۆکراتەکانیی کەم کردەوە  یاخود خستنییە بەر باری هەڕەشەوە (Deller, ١٩٩٣: ٧٨).

لە ماوەی ساڵانی حوکمڕانی بریجنێڤ زیاد لە حوکمڕانەکانی پێش خۆی، کەمینەیەك خاوەن بڕیاردان بوون، ئەو کەمینەیە لە سەردەمی ناوبراودا وردە وردە بازنەکەی فراوان ئەبوو، کەسایەتییە ئاست دووەمەکانیی ناو دەزگای پارت و وەزارەتی دەرەوە و بەرگریی، قسەی خۆیان هەبوو لە بارەی شرۆڤەکردنی ئەو بڕیارە سیاسییانەی کە دەرئەکران، تانەدەرە گەورەکان لە ڕاگەیاندن و شارەزایانی ناو دیوانی دەسەڵات لە نێویاندا ئاژانسی هەواڵگریی سۆڤیەت و شرۆڤەکاران و ئەکادیمییەکان، هەموو ئەمانە خاوەن هەژموون بوون و هەڵسەنگاندن و بیروڕاکانیان لە ڕێی دەنگەکانەوە ئەگەیشتنە هەرەمیی ناوەوە، بەڵام هەژموونی ئەوانە بە بەردەوامی بەشێوەیەکی ڕێکوپێك نەبووە (باستور، ٢٠١٠ :٢١٤).

سیستمی سیاسیی حوکومڕانیی یەکێتیی سۆڤیەت لە پێشتر و لەسەردەمی برجنێفیشدا ١٩٦٤ - ١٩٨٢، مەترسی لە بڵاوبوونەوەی لیبراڵییەت لە ناو وڵاتانی پەیمانیی وارشۆ و وڵاتانی دراوسێی تری هەبوو، لەبەرئەوەی ئەبێتە هۆی کەم بوونەوەی دەسەڵاتی سۆڤیەت لە ناوچەکەدا، هەر لەبەرئەوە ناوبراو بڕیاریدا هێز بەکاربهێنێت بۆ تێکشکاندنی چالاکی سیاسیی، بریجنێڤ سیاسەتیی دەستوەردانی پەیڕەو ئەکرد لە کاتێکدا لە یەکێك لە وڵاتانی ناو بەرەی سۆشیالیستیی کێشەیەك سەر هەڵبدات و ببێتە مەترسی بۆ سەر ئەو رژێمە، ئەوە بوو لە بەهاریی ١٩٦٨دا لە دژی چاکسازییەکانی (دۆبچیك) کە شێوازیی گۆڕینی سیاسەتیی سۆڤیەتیی کردبوو بۆ دیموکراسیی سۆشیالیزمیی، سوپای پەیمانی وارشۆ لە ژێر سەرکردایەتی یەکێتیی سۆڤیەتدا چوونە ناو چیکۆسلۆڤاکیا و کۆتاییان بە دەسەڵاتەکەی دۆبچیك هێنا (مەکمان، ٢٠١٧: ٢٠٦؛ بجورنلۆند، ٢٠٠٩: ١١٩)

لە پۆڵۆنیای ژێر ڕکێفی پەیمانی وارشۆ، بەهۆی کۆت و بەندیی ئازادی دەربڕین و بەرزبوونەوەی نرخیی خۆراك بە شێوەیەکی گشتیی، بەو هۆیەوە بەرەی یەکگرتوو لە دژی حوکومڕانی وڵات پێکهات، لەبەر ئەم هۆیە دەسەڵاتدارانیی سۆڤیەت دەستیان وەردایە کاروباری ئەو وڵاتە، بەڵام بە هۆی خۆڕاگری خەڵکەکە  و زیادبوونی دەنگی نارەزایی، لە ئەنجامیی هەڵبژاردنی ساڵیی ١٩٨١دا (لێخ ڤالیسا)ی سکرتێری ئەو بەرەیە توانی سەرکەوتن بەدەستبهێنێت و دەسەڵاتی کۆمۆنیستیی لە وڵاتەکەی دووربخاتەوە (پێترۆزا، ٢٠٠٩ :٧١،٧٥،٧٧).

ئاندرۆپۆڤ کە پێشتر بەرپرسی دەزگای هەواڵگری یەکێتیی سۆڤیەت بوو پێچەوانەی سیاسەتەکانیی بریجنێڤ کاری ئەکرد لەوانە هەوڵی ڕێگری لە داکشانیی ئابووریدا، بۆ ئەم مەبەستە زۆربەی ڕێبەر و ئەو کەسانەی لە دەسەڵات

دوورخستەوە، کە بێزراو بوون بەو هۆیەوە تا رادەیەك ئاستی بەرهەمهێنانی پیشەسازیی و دانەوێڵە روویان لە بەرزبوونەوە کرد، لە رووی سیاسەتەوە سیاسەتێکی توندانەی گرتەبەر کە لە دژی بیروڕای ئازاد بوو (پێترۆزا، ٢٠٠٩ :٨٢- ٨٣). مەبەستی ناوبراو لەو سیاسەتەی لەگەڵ هەمان سیاسەتیی بریجنێڤدا یەکی ئەگرتەوە لە سەرکوتکردنی ئەوانەی کە دژی دەسەڵاتەکەی ئەوەستانەوە.

سەرەتای ئەو ناکۆکییانەی نێوان هەردوولا بۆ ساڵەکانی شەستەکانی سەردەمی بریجنێڤ ئەگەڕێتەوە، کە یەکێتیی سۆڤیەت سێ جار لە گفتوگۆی سیاسەتیی چەکداماڵین خۆی کشاندەوە، تەنانەت تاوەکو ساڵی ١٩٨٣ هیچ دانیشتنێکیان لەو بارەیەوە نەکرد، بەو هۆیەوە کار گەیشتە بارودۆخێکی مەترسیدار هەروەك وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت ئاندرۆ گرۆمیکۆ لەو ساڵەدا ئەوەی راگەیاندن کە هەلومەرجیی جیهان بەرەو هەڵدێرێکی ترسناك لە کەوتنەوەی جەنگیی ناوکیی هەنگاو ئەنێت (WALKER,١٩٩٥:٢٧٦).

دوای کۆچی دوایی ئاندرۆبۆڤ، ماوەی یەك ساڵ تەمەنی حوکمڕانیی (کوستانتین چرنینکۆ)، نەبووە هۆی ئەوەی گۆڕانکاری بکات، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی لە مارتی ١٩٨٥دا کەسێکی تر بە ناوی (میخائیل گۆرباچۆڤ) لە شوێنەکەی دابنرێت. ئەم بڕوای وابوو کەسانی لاو و خاوەن بیریی چاکسازیخوازانە لەنێو گرنگترین دامەزراوەی یەکێتیی سۆڤیەت (پۆلیت بوروو) لە ئەنجومەنی وەزیرانی دەوڵەتدا دابمەزرێنێت، هەروەها جووڵانەوەی چاکسازیخوازانە کە ئاندرۆپۆڤ دەستپێکردبوو ئەم درێژەی پێدا (ماتیوز، ٢٠٠٩: ١١٢).

لە سەروبەندی حوکمڕانیی گۆرباچۆڤدا، تا ڕادەیەك ئاکامی وریابوونەوەی زۆرینەی خەڵك لەبارەی گەندەڵیی ڕابەران و بیرۆکراتەکان هاتە ئاراوە، ئەم وریابوونەوەیە زیاتر بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای گەیاندنەوە بوو، بەهۆی درەنگ گەیشتنی پێشکەوتنیی میدیا گشتییەکانیی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بە یەکێتیی سۆڤیەت، دەوڵەت توانیبووی بە شێوەیەکی بنبڕ بڵاوبوونەوەی هەواڵ لە وڵاتدا جڵەوگیر بکات و بەوپێیە ئەیتوانی لێکدانەوەکانی جەماوەر لە بارەی شێوازی ژیان چ لەناوەوە و چ لەدەرەوە بەپێی ئارەزووی خۆی دابڕێژێت، بەڵام بڵاوبوونەوەی شەپۆلەکانیی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، ئەو کۆششانەی دەوڵەت بۆ هێنانەدی بەربەست لە بەردەم بڵاوبوونەوەی هەواڵەکان بووە هۆکاری تێکدانیی ئەو دوو لقەی میدیا. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی وێنایەك لە ژیانیی دەرەوەی ئەو وڵاتە لە بەرامبەر چاوی خەڵکیی سۆڤیەت ئاشکرا ببێت (ماتیوز، ٢٠٠٩: ١١٢- ١١٣).

بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی ئەو کاتە لەسەر ئاستی جیهان بە گشتیی و ئەوروپا بە تایبەتیی ڕوویان ئەدا، دوو زاراوەی تایبەت لەسەر ڕووپەڕی چاپەمەنییەکانیی جیهان بەدەرکەوتن کە هەمان ئەو دوو بەرنامە چاکسازییەی پێشتری خرۆشۆف بوون، ئەوانەش (پیریسترۆیکا) و (گلاسنۆست) بوون، ناوبراو بە داڕێژەری پیریسترۆیکا هەژمار ئەکرێت، هەرچەندە گۆرباچۆڤ لە ساڵی یەکەمی دەسەڵاتیدا ویستی کۆنترۆڵی بارودۆخی ئابووریی دژواریی وڵات بکات، بەڵام ئەو کارەی بۆ نەکراو بیرۆکەی پیریسترۆیکای خستەڕوو، ئەم بیرۆکەیەشی سەرینەگرت لەبەرئەوەی بیرۆکراتەکانی دەزگای دەوڵەت ئاستەنگیان خستە بەردەم جێبەجێکردنی فەرمانەکانی گۆرباچۆڤەوە، بۆ ئەم مەبەستە ناوبراو ڕەتی ئەوانی دایەوە و ستراتیژی گلاسنۆست – گفتوگۆی کراوەی خستەڕوو، ئەو وای ئەبینی رواندنەوەی بێزاریی جەماوەر لە ڕێگەی دامەزراندنی سستەمێکەوە فشار ئەخاتە سەر بیرۆکراتەکان و لە هەمان کاتدا ڕێگە بە جێبەجێکردنیی پیریسترۆیکا ئەدات (ئیحسان، ٢٠٠١: ١٧٢-١٧٣).

ئامانج لە بیرۆکەی پیریسترۆیکا خوازیاریی بنیاتنانەوەی ئابووریی سۆڤیەت بوو، لە ڕاگەیاندنێکدا ئەوەی دەرخست کە ئەبێت لە ئابووریی و هەموو سیستم و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا ئاڵوگۆڕیی ریشەیی رووبدەن و ئاستی

ژیانیی دانیشتوانی وڵاتی سۆڤیەت لە رووی چۆنیەتییەوە باشتر بێت، بیرۆکەی گلاسنۆستیش تەواوکەری بیرۆکەی سۆشیالیستییە، پێدانی زانیاری دروست نیشانەی باوەڕبوونە بە خەڵك و ریزگرتنە لە ژیریی و توانایی تێگەیشتنیی سەربەخۆیان (Issacs and others, ١٩٩٨: ٣٥٥).

بە جێبەجێکردنی پیریسترۆیکا خۆی لە خۆیدا شۆڕشێکە دەست بەسەر هەڵاوسانی قەیرانیی ئابووریی و لە هەمان کاتدا ئەبێتە هۆی خێراکردنی پێکشەوتنی بوارەکانی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و زانستیی، کە بە هۆی ئەوەوە سیستمی سیاسیی یەکێتیی سۆڤیەت بناغەیەکیی پتەوی ئەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکانیی (غورباتشوف، ١٩٩٠: ٥٥ – ٥٨). هەرچەندە سەرەتای ساڵی ١٩٨٧ گۆرباچۆڤ دەستیکرد بە چاکسازییەکانیی، بەڵام پارتی کۆمۆنیستیی سۆڤیەت ئاستەنگیی لە بەردەمیدا دانا و بۆ ماوەی شەش مانگ دوایخست، لە هەمان کاتدا بیرۆکەکانی ناوبراو لە بارەی سۆڤیەتیی نوێوە وایکرد کە ئەو پارتە رۆڵێکی سەرەکیی نەمێنێت (Hardy, ٢٠٢٢: ١٢).

بەڵام لە پەیڕەوکردنی بەرنامە چاکسازییەکانی ئەودا ئەو گۆڕانکاریە هاتە ئاراوە، دانیال دیلەر لەمبارەیەوە نووسیویەتی: «توێژینەوەی پیریسترۆیکا گشت بنەما بنچینەیەکان و سەرەتاکانی سۆشیالیزم وەك رێگرێك لە موڵکداریتی تایبەتی و یەکسانی لە داهاتەکاندای لەو بارەیەوە هێنایە نێو گفتوگۆکردن ئەمە لە لایەك، لە لایەکی ترەوە چاکسازییەکانیی گۆرباچۆف لە زەمینەی پێداچوونەوە بە ئابووریدا لە سەرەتادا کەم بوو، بەڵام باوەڕی شارەزایانیی رۆژئاوا بۆ ئاڵوگۆڕی ئابووریی یەکێتیی سۆڤیەت بە پێویست ئەزانرا» (Deller, ١٩٩٣: ١١٠).

پیریسترۆیکا و گلاسنۆست، کەشێکی گەشبینانەیان هێنایە ئاراوە، بەڵام بە هۆی فرە هزریی و سیاسیی کە دەسەڵاتیان قۆرخ کردبوو، دەستیان کرد بە بەرەنگاربوونەوەی چاکسازییەکان و کەللەڕەقییان بەرامبەر ئەنواند، ئەگەر بێت و پیریسترۆیکا بەرەو پێشەوە بچووایە، کە بابەتێکی زیندوو بووە بۆ ئەو کاتانەی دەوڵەتی سۆڤیەت ئەوا بڵاوکردنەوەی دیموکراسیی و هەڵبژاردنیی ئازاد بەرێوە ئەچوو، هەروەها رێگای خۆش ئەکرد بۆ هێزی نوێی چالاك کە بەو هۆیەوە هاوڵاتی رووسیا کاریگەرییەکیی یەکلاکەرەوەی ئەبوو لە چالاکی سیاسیی نیشتمانیدا (جورباتشوف، ٢٠١٥: ١٢٢-١٢٣).

هەرچەندە لە بارودۆخێکی دژواریی ئەو کاتەی سەردەمی گۆرباچۆڤدا، پەیڕەوکردنی بیرۆکەی پیریسترۆیکا تا رادەیەك ئەستەم بوو، لەبەرئەوەی پارتی کۆمۆنیست و بەرژەوەندیخوازەکانی نزیك بە دەسەڵات رێگر بوون لە بەردەم کارەکانیی ناوبراودا، بەڵام گۆرباچۆڤ پێداگریی لەسەر جێبەجێکردنیی ئەو بیرۆکەیە ئەکرد بە مەبەستی پێشکەوتنیی وڵات لە هەموو بوارەکاندا، ئەو پێشی وابوو گرنگیی و سەرکەوتنیی ئەو بیرۆکەیە لە بە ئاگاهێنانەوەی مرۆڤدا دەرئەکەوتن کە وای لێ بکرێت چالاك و خاوەن بەرژەوەندییەکیی دروستانە بێت و هەموو تاکێکی کۆمەڵگا لەوەش تێبگات کە خاوەنی وڵاتە، شوێنی کار و پیشەکەیی و کارگەکەیی و پەیمانگەکەی، هەموو ئەو دامەزراوانە بکاتە موڵکی خۆی (غورباتشوف، ١٩٩٠: ٢٨ – ٢٩)، ئەمەش واتای ئەوە ئەگەیەنێت بواریی رەخنەگرتن بدرێت بە خەڵکیی لە بریاردانی سیاستەکانی دەسەڵات بە پێچەوانەی حوکومڕانییەکانیی پێشتر کە خەڵکیی بەشداری لە بنیاتنانیی وڵاتدا رۆڵی نەبوو، بەڵکو تەنها دەسەڵات و سەرکردەکانی پارتی کۆمۆنیستیی خاوەن بریار و جێبەجێکردنیی بوون.

لە کاتی راگەیاندنی بیرۆکەی پیریسترۆیکا لە کاتێکدا بوو کە پارتی کۆمۆنیستیی هەر لەسەر رێڕەوە کۆنەکەی ئەرۆیشت بە چاوپۆشیکردن لە ستەم و توند و تیژیی، لە هەمان کاتدا لەناو سۆڤیەتدا چەند بەرەیەك دروست ببوون کە بەرنامە و سەرکردەی خۆیان هەبوو، بۆ پشتڕاستی ئەوە (لیگاچیڤ) سەرۆکی لیژنەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستیی سۆڤیەتیی لەم بارەیەوە ئەڵێت: «هەندێك لە سەرکردەکان بە گۆرباچۆڤیشەوە خوازیاری گۆڕینی پارتی کۆمۆنیستیی بوون بە پاکتاوکردنی ئەندامەکان و هەڵگەڕانەوە لە باوەڕەکانی ئەو پارتە و رێگا خۆشکردن بۆ دژایەتی

کردنیی پارتەکە و جووڵانەوە جووداخوازە نەتەوەییەکانیش، ئەم بابەتانە لە ناو مەکتەبی سیاسیی و لیژنەی ناوەندیدا گفتوگۆ لە بارەیانەوە ئەکرا، جاری وا هەبوو لە کۆبوونەوەکانی لیژنەی ناوەندیدا ئەگەیشتە ئاستی گفتوگۆی توندئامێز (لیغاتشیف، ١٩٩٢: ٢٥)

بە هۆی گرتنەبەری بیرۆکەی گلاسنۆست و مشتومڕ لە بارەی پەیڕەوی کردنی ئەو بیرۆکەیەوە لە ناوەوە و دەرەوەی سۆڤیەتدا، لە ناوخۆی وڵاتدا رووبەڕووی چەندین ناڕەزایی دەربڕین بووەوە، ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٨٦دا پێکدادان لە نێوان خۆپیشاندەران و پۆلیس لە (ئەڵمائاتا)دا روویدا، دوای ساڵێك ناڕەزایەتییەکان گەیشتە وڵاتانی بەڵتیك و دواتریش بۆ ئەرمینیا پەڕییەوە، سەرەڕای ئەو رووداوانە لە دەرەوەی سۆڤیەتیش خۆپیشاندانە ناڕەزاییەکان هەنگاریا و رۆمانیا و چەند وڵاتێکی تریشی گرتەوە، خۆپیشاندانەکان لە ناوەوە و لە دەرەوەی سۆڤیەت گەیشتە ئاستێك کە نەئەتوانرا کۆنترۆڵ بکرێن. (کلیف، ١٩٩٨: ١٦١).

سەبارەت بە بەرنامەی سیاسەتیی دەرەوە لە حوکومڕانیی گۆرباچۆڤدا، ناوبراو هزریی لیبراڵیی پەیڕەو ئەکرد، ئەو باوەڕی وا بوو لەو رێگایەوە دەستپێشخەرییەکیی گونجاوە لە سیاسەتی دیپلۆماسیی و سیاسەتی نێودەوڵەتیی لە بری بەکارهێنانی رێگەی سەربازیی و هێزەوە، تەنانەت ئەو رێگایەشیی بە لاوە باش بووە، کە پەیڕەوکردنی ئەو هزرە باشترە لەوەی سیاسەتیی کێبڕکێی چەك لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بکرێت، بەو هۆیەوە ئاشتی بۆ یەکێتیی سۆڤیەت دەستەبەر ئەبێت، تەنانەت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەش کە پەیوەندییان بە جەنگیی ساردیشەوە هەیە (Savranskaya, ٢٠٢٠: ١٠٤).

ئەو کرانەوەیە بە رووی وڵاتاندا بە شێوەیەکی گشتیی بە هاوکاریکردنیی سەربەخۆیی بوونی نەتەوەکانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمەریکای لاتین بووە، لە هەمان کاتدا یارمەتیدانی وڵاتانی تازە پێگەیشتووش بدرێت، هەروەها کرانەوەی ئاشتی بە رووی دەرەوەدا بکرێت بە تایبەتی لە بارەی دوورخستنەوەی جەنگ بە دانانی سنوورێك بۆ کێبڕکێی خۆپڕچەك کردن بە تایبەتی چەکیی ئەتۆمیی (جورباتشوف، ١٩٩٠: ١٦٢- ١٦٥).

## تەوەری دووەم: سەرهەڵدان و پەرەسەندنی گرژیی و ئاڵۆزییەکان لە سیستمی سیاسیی یەکێتیی سۆڤیەت لە ناوخۆ و دەرەوەیدا.

لەو کاتانەی گۆرباچۆڤ کاری لەسەر جێبەجێکردنیی چاکسازییەکانی ئەکرد، لە مانگیی نیسانی ١٩٨٦دا، رووداوێکی ترسناك لە وێستگەی بەرهەمهێنانی ئەتۆمیی (چیرنۆبیل) لە ئۆکرانیا کەوتەوە، هەرچەندە دەسەڵات لە هەوڵیی شاردنەوە و کپکردنی ئەو رووداوە بوو، بەڵام بە هۆی بڵاوبوونەوەی لەنێو خەڵکیدا، ناڕەزاییەکیی زۆری لێ کەوتەوە لەبەرئەوەی بە هەزاران کەس لە دانیشتوانی دەوروبەری وێستگەکە بە ناچاری شوێنی خۆیان بەجێهێشت، دانیال دیلەر لەو بارەیەوە بەمشێوەیە نووسیویەتی: «روودانیی کارەساتیی ئەتۆمیی چیرنۆبیل لە نیسانی ١٩٨٦ بە خاڵی وەرچەرخانی ململانێی گلاسنۆست دانرا، لەبەرئەوەی سەرکردەکانی سۆڤیەتیی بە ئاگاهێنایەوە لە بڵاوبوونەوەی ئازادی ئاگادارییەکان کە بایەخیی خۆیان هەیە» (Deller, ١٩٩٣: ١١٠).

لە هەمان کاتدا لە ناوخۆی یەکێتیی سۆڤیەتدا لە چەندین رووەوە ئەو وڵاتە رووبەڕوویی بارودۆخێکی دژواریی تر بووەوە، لەوانە قەیرانی ئابووریی، گۆرباچۆڤ بۆ جێبەجێکردنی پلانەکەی لە رووی چاکسازی ئابوورییەوە لە لایەن بیرۆکراتەکانەوە رووبەڕووی ئاستەنگ بووەوە، لەبەرئەوەی بە ملیۆنان لەو بیرۆکراتانە بۆ رێکخستنی کاروبارەکان پابەندیی رێگا کۆنەکان بوون، ئەوەش ببووە مەترسی لە لایان کە سەرۆکی وڵات پێداگریی لە چاکسازییەکانیی بکات،

بەو هۆیەوە مشتومڕێکیی زۆر لە نێوان بیرۆکراتەکان و خەڵکەکە هاتە ئاراوە و ئەوانە لە پێناوی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیاندا چەندین ڕێگایان ئەگرتە بەر کە لە هەمان کاتدا ئەبوونە ڕێگر لە بەردەم چاکسازیەکانی سەرۆکی وڵاتدا (کلیف، ١٩٩٨: ١٦٠).

هەرچەندە گۆرباچۆڤ باوەڕی بە کۆمۆنیستیی بوو، بەڵام کەوتبووە ژێر کاریگەری هزریی ئەوروپای ڕۆژئاوا، لەوانە هزریی لیبراڵی، ئەو کاریگەرییە وای لێ کرد لە کەسێکی کۆمۆنیستییەوە بەرەو کەسێکی ڕەخنەگر لەو باوەڕەی بگۆڕدرێت، هەروەك خۆی لەو بارەیەوە ئەڵێت: «نەیاری وشەی کۆمۆنیستیی نین، بەڵکو لایەنگری بیرۆکەی نوێکردنەوەی سۆشیالیستیی دروستین» (Savranskaya, ٢٠٢٠: ١٠٢) بەو پێیە ناوبراو سوودیی لەو وانانە و لە خوێندنەوەی فەلسەفەی ئەوروپیی سۆڤێتیی لە توێژینەوە یاساییەکاندا وەرگرتووە و لە هەمان کاتدا سوودیشیی لەو هاوڕێیانەی وەرگرتووە، کە هەڵگریی هزریی لیبراڵیی بوون.

گۆرباچۆڤ باوەڕی وابوو نوێکردنەوەی سۆشیالیستیی لە ڕێی لیبراڵییەوە ئەکرێت ئەوەش بە پێی متمانەی ئاڵوگۆڕ لەسەر بنچینەی یاسا و ڕێکخراوی نێودەوڵەتییەوە بێت، هەروەها باوەڕیشی وابوو کە ململانێ نێودەوڵەتییەکان بە گفتوگۆ چارەسەر ئەبێت کە بەو هۆیانەوە بلۆکە سەربازییەکانی جەنگیی سارد بەرەبەرە بەرەو قەوارەی سیاسیی ئەگۆڕن، بەو پێیە وڵاتانی ئەوروپا بە بناغەیەکی ئاسایشی ئەوروپیی نوێ تێکەڵ ئەبن، ناوبراو ئەو جۆرە تێکەڵبوونەی ناونابوو (ماڵیی ئەوروپیی هاوبەش)، کە لەسەر چوار جۆر پێکدێت: ئاسایشیی کۆمەڵایەتیی، ئابوورییەکیی تۆکمە، پارێزگاری کردن لە ژینگە، ڕەهەندی مرۆڤایەتیی کە خۆی ئەبینێتەوە لە ڕێزگرتنیی مافەکانیی مرۆڤ لە هەموو دەوڵەتێکدا (Savranskaya, ٢٠٢٠: ١٠٤).

هەندێك لە سەرکردەکانی سۆڤیەت لەو باوەڕەدا بوون جیهان ئەگۆڕێت و مۆسکۆ لەو جیهانەدا پێگەیەکی خۆی ئەبێت بەو مەرجەی یەکێتیی سۆڤیەت ڕۆڵێکی میحوەریی لە ئەوروپای نوێدا لە دوای جەنگیی سارد بگێڕێت، ئەو گۆڕانە بە (پێناسەی ئەوروپی) ناوئەبرێت، ئەو گۆڕانکاریانەی لە یەکێتیی سۆڤیەت لە سەردەمی گۆرباچۆڤدا ئەهاتنە ئاراوە ڕەهەندێکی فراوانیان وەرئەگرت بەو شێوەیەی کە کۆتایی بە جەنگیی سارد بێت (Radchenko, ٢٠١٩: ٣٣). بەو پێیە ئەوە دەرئەکەوێت کە گۆرباچۆڤ کۆمۆنیستێکیی توندڕەو نەبووە، بەڵکو کەسێکی میانڕەو و دیموکراسیخواز بووە.

بە هۆی کارتێکردنی ئەو هزرەوە، گۆرباچۆڤ بووە نەیاری هەڵگرانیی نەتەوەخوازە دوژمنکارەکان لە بەکارهێنانی هێزدا لەگەڵ جۆرە خۆپارێزییەك، هەروەها لە دژی دەسەڵاتی خۆسەپێنەریش وەستایەوە، ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٨٨دا زاڵبوونیی پارتی کۆمۆنیستیی بەسەر ئابووریی وڵاتدا نەهێڵێت، بەڵام لە هەمان کاتدا ئاستی گرفتەکان زیادیان کرد بە هۆی توانایی و ئارەزوومەندیی لە زیادکردنیی بەکارهێنانی کاڵاکان، ئەوەش بووە هۆی کورتهێنان لە بودجەدا، کە بەو هۆیەوە قەیرانێکی دارایی و ئابووریی لە یەکێتی سۆڤیەتدا دروست بوو، بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو قەیرانە، لە دوای ساڵێك بڕیاری هەنگاونان بۆ قەیرانی سیاسیی درا، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی بۆ یەکەم جار لەو وڵاتەدا هەڵبژاردن بە شێوەی نیمچە سەربەخۆیی بکرێت (Zubok, ٢٠٢٠: ٨١- ٨٢).

سەرەڕای ئەو چاکسازیانە نارەزایی و ڕەخنەکان لە ناوخۆی یەکێتیی سۆڤیەت و کۆمارەکانی ناو ئەو یەکێتییە تا ئەهات پەرەی ئەسەند، خەڵکەکە بە گشتی نارازیی بوون لە سیستمی بەڕێوەبردنی وڵات لە زۆربەی بوارەکاندا هەر لە سیاسیەوە تاوەکو ئابووریی و کۆمەڵایەتیی، بۆ ڕێگەگرتن لەو پەرەسەندنانە، گۆرباچۆڤ لە ساڵی ١٩٨٨دا، بڕیاری سنووردارکردنی دەسەڵاتی بەرپرسانی دەوڵەتیی و پارتی کۆمۆنیستیی لە کاروباریی بەڕێوەبردندا دەرکرد، مەبەست لەو

بڕیارە ئەوە بوو کە لە بنەڕەتدا دەسەڵاتی ئەو پارتە کەم بکاتەوە، لە هەمان کاتدا پێشنیارێك لە بارەی هەڵبژاردنی ئەندامانی یاسادانان خرایە بەردەم دەسەڵات کە بە شێوەیەك بێت ئەو ئەندامانە بە نهێنی هەڵبژێردرێن، بەڵام ئەبێت ئەو هەڵبژاردنە هاوتای هەڵبژاردنی سیستمی دیموکراسیی وڵاتانی رۆژئاوا نەبێت (Sheely, ١٩٩٠: ٢٧٤ - ٢٧٥). ئەو هەڵبژاردنەی کە لە مانگی ئایاری ١٩٨٩دا کرا، لەسەر ئەو بنەمایەی کە هەرکەسە خاوەنی یەك دەنگە هەروەك ئەوەی گۆرباچۆڤ ئەیویست، بەڵام بەو شێوەیە نەکرا، لەبەرئەوەی دەستەبژێرانی پارتی کۆمۆنیست خاوەنیی دوو بۆ سێ دەنگ بوون، لە راستیدا یەك لەسەر سێی نوێنەرانی گەل کە لە کۆنگرەدا ژمارەیان ٢٢٥٠ کەس بوو، بە هیچ جۆرێك لە رێی دەنگدانی هەڵبژاردنی خەڵکەوە نەگەیشتنە کۆنگرە، بەڵکو لە رێی رێکخراوە میللییەکانی متمانە پێکراوی پارتی کۆمۆنیستیی بوو، کە زۆربەیان لە لایەن ئەو پارتەوە کۆنترۆڵ کرابوون، کە ئەوانیان دامەزراندبوو (Sheely, ١٩٩٠: ٢٧٥) ئەو شێوازی هەلبژاردنە ئەبووە هۆی نارەزایی بوونیی خەڵکیی لەبەرئەوەی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە نەکراوە، لەو وتارەیدا ئەوە دەرئەکەوێت ئازادیی لە پرۆسەی هەڵبژاردندا لە ئەورووپای رۆژهەڵاتدا بەرقەرار بێت، هەروەها مەبەستیشیی لەوە بووە کە بوودجەی یەکێتیی سۆڤیەت توانای راگرتنی وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵاتی نەماوە.

لە ساڵانی هەشتاکاندا بارودۆخی سیاسیی و ئابووریی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئەورووپا بە هۆی ململانێی سیاسیی و بەرزبوونەوەی نرخیی کاڵاکان پێی نایە ناو قەیرانێکی دژوارەوە، بۆ نموونە لە هەنگاریا، ململانێی سیاسیی لە نێوان دەسەڵات و پارتی کۆمۆنیستیی و پارتی کرێکارانی سۆشیالیستیی توندڕەو هاتبووە ئاراوە، ئەوەش بە هۆی ئەوەی کە ئەو پارتە ئەیویست چاکسازیی بکات، بەڵام پارتی کۆمۆنیستیی ئاستەنگیی ئەخستە بەردەمیی، بەو هۆیانەوە ئەو وڵاتە بەرەو فرە پارتیی هەنگاوی ئەنا، ئەوەتا لە راپۆرتێکی (مایکل میەر)، لە زاری (ئێمیرا پۆزگا)یەوە هاتووە: «کۆمۆنیستیی کارکردنیی نییە، هەنگاریا ئەبێت لە خاڵی سفرەوە دەست پێ بکات و دیکتاتۆریای پرۆلیتاریا لەناو بچێت» (پێتروزا، ٢٠٠٩: ١٠٨ – ١٠٩) ئەوەش واتای ئەوەی ئەگەیاند، ئەبێت ئەو وڵاتە لە سیستمی کۆمۆنیستیی رازی نییە و بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە سیاسیی و ئابوورییانە کە بەرۆکی وڵاتیی گرتووە، سیستمێکیی گونجاو بۆ وڵات دابڕێژرێت.

لە وڵاتانی پۆڵەندا و هەنگاریا بە هۆی نارەزایەتییەکانی زۆری دانیشتوانەکەیەوە، دەسەڵاتی کۆمۆنیستیی کۆتاییان پێ هات، ئەو رووداوانە کاریگەرییەکیی زۆریان لەسەر وڵاتانی تری رۆژهەڵاتی ئەورووپای ناو بلۆکی سۆڤیەت هەبوو، ئەوە بوو دانیشتوانی ئەڵمانیای رۆژهەڵات بە بەراورد لەگەڵ ئەڵمانیای رۆژئاوا، لە بارودۆخێکی ئابووریی دژواردا بوو، لە هەمان کاتدا دەسەڵاتدارانیی وڵات رێگریان لە هەر گۆڕانکارییەك ئەکرد کە رووبدات، هەرچەندە سەرۆکی ئەو کاتەی ئەڵمانیای رۆژهەڵات (ئێریش هۆنکەر) بە توندیی بەرامبەر دەنگە نارەزاییەکانی هاوڵاتیەکانیی ئەوەستایەوە، بەڵام ئەو هەڵسوکەوتانەی نەبوونە هۆی دامرکاندنەوەی نارەزایەتییەکان، دواتر لە ٩ی تشرینی دووەمی ١٩٨٩دا، ئەو دیوارە لە لایەن نارەزایانی ئەڵمانیایی رۆژهەڵاتەوە رووخا، بۆ پشتڕاستی ئەو رووداوانە (گۆنتەر شاپۆڤسکی)ی وتەبێژی فەرمیی و ئەندامی مەکتەبیی سیاسیی پارتی سۆشیالیستیی ئەڵمانیی لەو بارەیەوە وتوویەتی: کۆتوبەندی هاتووچۆی نێوان هەردوو ئەڵمانیاکە، لە رێی وتووێژێکی میدیاییدا بە هەڵە هەڵگیراوە، چونکە کاتی راگەیاندنەکە نادیار و جێگیر نەکرابوو، ئەوەش بووە هۆکارێك بۆ ئەو ئاژاوە شەرمەزارییە لەبەرامبەر خاڵەکانی پەڕینەوەی دیوارەکە، ئەوە بوو ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی ئەڵمانیای رۆژهەڵات لە رێی سنوورە کراوەکانەوە بۆ بەرلینیی رۆژئاوا پەڕینەوە (حبیب، ٢٠٢١: ١).

لە ساڵی ١٩٦٨ بەدواوە، لە چیکۆسلۆڤاکیادا نارەزایی لە دژی سیستمی کۆمۆنیستیی لە ئارادا بوو، بەڵام نارەزایەتیەکان لە ساڵی ١٩٨٩دا و بە هۆی کاریگەری رووداوەکانیی پۆڵندا و هەنگاریا و ئەڵمانیا، دەنگی نارەزایی دانیشتوانیی ئەو وڵاتە گەیشتە ئاستێکی فراوان، تەنانەت بە یەکدادان لە نێوان ئەوان و پۆلیسدا هاتە ئاراوە، ئەوانەی زیاتر لەو رووداوانەدا کاریگەرییان هەبوو خوێندکارانیی زانکۆکان بوون، لەو کاتانەدا و دوای بیست ساڵ یەکێك لە سەرکردە نارازییەکانیی دژ بە کۆمۆنیستیی بە ناوی ئەلیکسندەر دۆبچیك گەرایەوە و داوای رووخانیی دەسەڵاتی کرد، ئەوە بوو لە ماوەی کەمتر لە دوانزە کاتژمێر و لە ٢٦ی کانونی یەکەمی ١٩٨٦ دەسەڵاتی کۆمۆنیستیی دەستی لەکارکێشایەوە (پێترۆزا، ٢٠٠٩: ١٢٠- ١٢١).

ئەو نارەزایەتییانەی کە لە چەند وڵاتێکی ئەوروپای رۆژهەڵات روویاندا، جگە لە کاریگەری بارودۆخی سیاسیی و ئابووریی ناوخۆی وڵاتەکە، کاریگەری چاکسازییەکانیی گۆرباچۆڤ لە دروستبوون و پەرەسەندنی دەنگیی نارەزایی رۆڵی هەبووە ئەمە لە لایەك، لە لایەکی ترەوە دەسەڵاتەکەی گۆرباچۆڤ نەیتوانی دەنگی نارەزایی وڵاتانی ئەو بەشەی ئەوروپای بلۆکی رۆژهەڵات کپ بکات، بەڵکو لە ساڵانی ١٩٨٦ بەدواوە، نارەزایی دانیشتوانیی ئەوروپای رۆژهەڵات رووی لە زیادبوون ئەکرد و لە ساڵی ١٩٨٩ گەیشتە ترۆپك، هەر بۆیە ئەو ساڵە بە ساڵیی شۆرش و راپەرین لە دژی دەسەڵاتی کۆمۆنیستیی لە ئەوروپای رۆژهەڵات دائەنرێت، هەرچەندە هەندێك لە دەسەڵاتدارەکانیی ئەو وڵاتانە ویستوویانە بە زەبری هێز دەنگی نارەزایی کپ بکەن، بەڵام ئەو ویستەیان بۆ نەچووەتە سەر. یەکێك لەو دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرانەی کە ویستی بە شێوەیەکی هێز نارەزاییەتیەکان دامرکێنێتەوە، (نیکۆلای چاوشیسکۆ) ی سەرۆکی رۆمانیای کۆمۆنیستیی بوو، جگە لە بارودۆخی دژواری سیاسیی کە ناوبراو دروستیی کردبوو، بارودۆخی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی لە هەمان دۆخدا بوون، بۆ نموونە قەرزە دەرەکییەکانیی ئەو وڵاتە لە ساڵی ١٩٨١ گەیشتبووە ١٥ ملیار دۆلار، بۆ چارەسەریی ئەو بارودۆخە، چاوشیسکۆ بەرنامەیەکیی ستەمکارانەی دارشت لە رێی داخستنیی قوتابخانە و کتێبخانە و مۆزەخانەکان، تەنانەت کار گەیشتە ئەو رادەیەی کە سیستمی گەرمکردنەوەی باڵەخانە و فەرمانگە و شوێنی باساڵاچووان و نەخۆشخانەکانیش کەمکرایەوە (پێترۆزا، ٢٠٠٩: ١٢٢- ١٢٣).

دەسەڵاتەکەی چاوشیسکۆ بەوەشەوە نەوەستا، بەڵکو ئەیویست رێگە لەو شەپۆلە چاکسازییە بگرێت کە خەریکبوو ئەوروپای رۆژهەڵات بگرێتەوە، بەڵام تا ئەهات نارەزایەتییەکان پەرەی ئەسەند، هەرچەندە ناوبراو بۆ پارێزگاریکردن لە خۆی فەرمانی سەرکوتکردنیی خەڵکەکەی لە رێی چەکەوە دەرکرد، بەڵام ئەوەشی بۆ نەچووە سەر و لە ٢٣ی کانونی یەکەمی ١٩٨٩دا، دوای فراوانبوونیی خۆپیشاندانەکان و جێبەجێنەکردنیی فەرمانەکانیی لە لایەن سوپاوە، دەسەڵاتەکەی کۆتایی هات و بەرەی رزگاری نەتەوەیی بە رابەری (ئیڤان ئیلیشکۆ) دەسەڵاتی گرتە دەست (Guardian, ٢٠١٩: ١- ٢).

بارودۆخی بولگاریا هەروەك وڵاتانی تری ئەوروپای رۆژهەڵات بوو، (ژیکۆڤ) سەرۆکی ئەو وڵاتە بۆ مانەوەی دەسەڵاتی بە شێوەیەکی توندرەوییانە رەفتاریی لەگەڵ کەسە نارازییەکاندا ئەکرد، تەنانەت نەك دژی نانەتەوەکانی وڵاتەکەی بوو وەك رەگەزی تورك، بەڵکو دژی خەڵکە رەسەنەکەی وڵاتەکەشیی بوو، هەرچەندە ئەو سیاسەتە توندانەی لە ساڵانی شەستەکانەوە دەستپێکردبوو، بەڵام لە تشرینی دووەمی ١٩٨٩دا لە دەسەڵات دوورخرایەوە و هاوکات بەوەش تاوانبارکرا کە دەستی بەسەر ٣,٧ ملیۆن دۆلاردا گرتووە. (پێترۆزا، ٢٠٠٩: ١٢٥)

شەپۆلەکانی نارەزایی نەتەوە سلاڤ زمانەکانیی یوگۆسلاڤیای گرتەوە، کە لە چەند نەتەوەیەکیی جیاواز لە رووی رەگەز و ئایینەوە پێکهاتبوو، لە ساڵی ١٩٨٠ بە دواوە دەنگی نارەزایی لەو وڵاتەدا هاتە ئاراوە، سەرەتا نارەزاییەکان لە لایەن دوو ملیۆن ئەلبانیی کە لە کۆسۆڤۆ ئەژیان، هەوڵیاندا بۆ دامەزراندنی کۆمارێکیی فیدراڵیی لە یۆگۆسلاڤیادا، بەڵام

سەرۆکی ئەو وڵاتە (سلوبودان میلو سۆڤیچ) کە ڕێبەری پارتی کۆمۆنیستیی وڵاتی بە دەستەوە بوو ڕێگریی ئەکرد لە هەر داخوازییەکی نەتەوەیی ناسربی (Talbott, ١٩٩٢: ١-٢) ئەو کارەی ناوبراو بووە هۆی ئەوەی ململانێی سیاسیی لەو وڵاتەدا بێتە ئاراوە، بەڵام بە پێچەوانەی وڵاتانی تری ئەوروپای ڕۆژهەڵات، ئەو وڵاتە لە بارودۆخێکی سیاسیی دژواردا تاوەکو ساڵانی نەوەدەکان درێژەی کێشا.

بە هۆی چارەسەرنەکردنی تەواویی کێشەکانی سۆڤیەت لە سەرەتای سەردەمی حوکومڕانی گۆرباچۆڤدا تەنها ئەوروپای ڕۆژهەڵات و کۆمارەکانی ناو یەکێتیی سۆڤیەتیی نەگرتبووەوە، بەڵکو لە ڕۆژهەڵاتی سۆڤیەت کێشەی ئەفغانستان لە ئارادا بوو، بە هۆی دەستوەردانی سۆڤیەت لە ئەفغانستان لە ساڵی ١٩٧٩دا کێشەی بۆ ئەو وڵاتە دروستکردبوو لە لایەك زیانی گیانیی و لە لایەکی ترەوە دابینکردنی داراییەکیی زۆر، لەگەڵ ئەوانەشدا ئەو دەستوەردانە ببووە هۆی سەرکۆنەکردن و لەکەدارکردنیی سۆڤیەت لە ڕووی سیاسەتیی دەرەوەیدا، دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە لەو ساڵە بەدواوە تاوەکو سەردەمی گۆرباچۆڤ وایان ڕائەگەیاند کە سەرکردەکانی ئەفغانستان داوای یارمەتییان لە سۆڤیەت کردووە، بۆ پشتڕاستیی ئەو بۆچوونە گۆرباچۆڤ لە کتێبەکەیدا (پیریسترۆیکا) دانی بەو ڕاستیەدا ناوە، کە بەمشێوەیە نووسیوێتی: «ئیمپریالیزم لە دەرەوەی ئەفغانستان فشاری خستبووە سەر ئەو وڵاتە، بە پێی ڕێککەوتننامەیەکیی سۆڤیەتیی ئەفغانیی، سەرکردەکانیی ئەو وڵاتە پێش ئەوەی ڕەزامەندیی بنوێنین لە سەر چوونە ناوەوەی هێزیی سەربازیی، داوای یارمەتییان لە یەکێتیی سۆڤیەت کردووە، کە بۆ یانزە جار ئەفغانستان داوای لێمان کردووە» (جورباتشوف، ١٩٩٠: ٢١٢).

لەو کاتەی گۆرباچۆڤ دەسەڵاتی گرتە دەست پێی وابوو نەتەوەی ئەفغان مافیی بڕیاردانیی هەیەو بە هەر ڕێگایەك بۆ سەروەری بوونیی خۆی، هەروەها مافی ئەوەشیی هەیە بە هەر حکومەتێکی بوێت، هۆکاری دەستوەردانی ئەمریکیی ببووە هۆی درەنگ کشانەوەی سۆڤیەت لەو وڵاتە، دواتر بە هۆی زیاتر بوونی ناڕەزایەتییەکان لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات و کۆمارەکانی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٨٩دا، سوپای سۆڤیەت لەو ساڵەدا بە ناچاریی لە ئەفغانستان کشایەوە (جورباتشوف، ١٩٩٠: ٢١٢؛ الشرق، ٢٠٢٢: ١-٢).

## تەوەری سێیەم: لێك هەڵوەشانیی سیستمی سیاسیی یەکێتیی سۆڤیەت و بلۆکی ڕۆژهەڵات.

گلاسنۆست ئەو سیاسەتە بوو کە ڕێگەی ئەدا بە لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئاشکرا لەبارەی سیاسەتەکانیی دەوڵەت کە بەڕێوە ئەچوو، ئەم زاراوەیە، کە گۆڕباچۆف لە بیری خۆیدا وێنای کردبوو وەها دەرنەچوو، لەبەرئەوەی دەسەڵات هەوڵی ئەدا تەوژمیی ئەم جۆرە سیاسەتە لەڕێی سانسۆر خستنە سەر و بەرتەسککردنەوەی سنوورەکانییەوە ڕەخنەگرتن کەمبکاتەوە، بەڵام لە ڕکێف دەرچوو بوو، بە واتایەکی تر درەنگ بەوەی زانی. زیکیت لەو بارەیەوە نووسیوێتی: ((لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٥دا، گۆڕباچۆف ئەم چەمکەی هێنایە نێو لێکۆڵینەوە سیاسییەکانەوە و ئەوەشیی ڕاگەیاند کە گلاسنۆست بە شێوەیەکی نزیك بە پیریسترۆیکاوە بەندە، لەبەرئەوە چاکسازییە ئابوورییەکان لە کاتێکدا چارەنووس ساز ئەبن کە بە هەماهەنگیی و گۆڕینیی فراوانیی جەماوەرەوە پشتیوانیی لێ بکرێت، وێڕای ئەوەش دەسەڵاتی گەندەڵ و بیرۆکراتیی سەرسەخت بۆ هێنانەدیی ئاستەنگ و ڕاگرتنیی ئاڵوگۆڕیی سیاسیی ئەبووایە تێکو پێك بشکێنرێت)) (Zicket, ١٩٩١: ٢٢; Deller, ١٩٩٣: ١١٠).

بۆ هێورکردنەوەی ناڕەزایی و ڕەخنەگرتنیی جەماوەر لە دەوڵەتی ناوەندیی، ساڵی ١٩٨٨ گۆرباچۆف پێشنیاری ئەوەی کرد کە دەسەڵاتی بەرپرسانیی دەوڵەت و پارتی کۆمۆنیستیی لە کاروباری بەڕێوەبردندا سنووردار بکرێت، مەبەستی

لەوەبوو دەسەڵاتی ئەو پارتە کەم بکاتەوە، هەروەها پێشنیاری ئەوەشیی کرد کە گۆڕانکاری لە سیستمی هەڵبژاردندا بکرێت، لەبەرئەوەی هەر تاکێکی ئاسایی یەك دەنگی هەبێت، سەرەڕای ئەوەی سیستمی هەڵبژاردن وەك ئەوەی ڕۆژئاوا نەبوو، کە زیاتر دیموکراسییانە بوو، هەر لەو ساڵەدا ناوبراو بۆ پیادەکردنیی زۆربەی پێشنیارەکانیی خۆی لەبارەی پیریسترۆیکاوە هەنگاوینا، سەرەتا ئەنجومەنێکی یاسادانان لەسەر بنچینەی هەڵبژاردنیی میللیی پێکهێنا کە پێیان ئەوت (کۆنگرەی نوێنەرانی گەل)، دواتر هانی ئەم دامەزراوەیەیدا کە پەیکەری حکومەتی ڕۆژئاوایی لە سەرۆکایەتیی کۆمار و کابینەی وەزیران بۆ بەڕێوەبردنی یەکێتیی سۆڤیەت پەسەند بکات، دواتر نوێنەرانی هاندا کە یەکەمین سەرۆك کۆمار هەڵبژێرن و دەسەڵاتێکی زۆر فراوانتریی لەوانەی پێش خۆی بدرێتێ. (لاشۆن، ٢٠٠١: ٨١-٨٣، ٩٣).

هەر لەو ساڵەدا ١٩٨٨، گۆرباچۆڤ وتارێکی لە بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان خوێندەوە، تیایدا پلانەکەی خۆی لە بارەی هزریی نوێ بۆ جیهان خستەڕوو، کە ئەیویست بیسەلمێنێ (ئێمە نوێین) واتا دەوڵەتێکی نوێین ئەوەش لە ڕێگەی گفتوگۆوە هێزەکانیی سۆڤیەت لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات بکشێنێتەوە و لە هەمان کاتدا ڕێگەی ئازادی هەڵبژاردن بدات بەو وڵاتانە، ئەو وتارەی ناوبراو ئاماژەدانێك بوو بە کۆتایی جەنگیی سارد و دامەزراندنی وڵاتێکی دیمکراسیی و پەنا نەبردنە بەر توندوتیژیی و هێز لە سیاسەتیی دەرەوەی یەکێتیی سۆڤیەتدا (Savranskaya, ٢٠٢٠: ١٠٤).

ئەو گۆڕانکاریانە نەیانتوانی ڕای خەڵکیی وڵاتەکەی بە گشتیی و جەماوەری کۆمارەکانی ڕۆژهەڵاتیی ئەوروپای ناو بلۆکی یەکێتیی سۆڤیەت بە تایبەتیی ڕازیبکات، ئەوە بوو لە ئەیلولی ١٩٨٨دا هەزاران دانیشتوانی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات بۆ بەشەکەی ڕۆژئاوا هەڵهاتن و دوای ساڵێکیش لە هەنگاریا و پۆڵەندا هەڵبژاردن کرا، لێکهەڵوەشانی دەوڵەتی سۆڤیەتیی بەمشێوەیە دەستیپێکرد تاوەکو کۆتایی ساڵیی ١٩٨٨، هەموو ئەندامانی بلۆکی کۆمۆنیستیی - پەیمانیی وارشۆ بە جۆرێك پەیوەست بوونیی خۆیان بە پارتی کۆمۆنیستیی فەرمانڕەوا و هاوسۆزییان بۆ مۆسکۆ خستەلاوە. ڕۆمانیا کە لە سۆڤیەت جیابووەوە، بە تەواوی بە ئاراستەیەکیی تردا ڕۆیشت، کاردانەوەی گۆرباچۆف لە بەرامبەر ئەو ڕووداوانەدا تا ئەندازەیەك چاوپۆشیی و بێباکیی ئەنواند (مەکمان، ٢٠١٧: ٢٩١-٢٩٢).

لە دوای ڕووداوی ڕووخانی دیواریی بەرلین لە ئەڵمانیا، کاریگەرییەکیی گەورەی لەسەر ناوخۆ و دەرەوەی سۆڤیەت دروستکرد، بۆ ئەوەی بارودۆخەکە دژوارتر نەبێت، گۆرباچۆڤ ویستی لە ڕێی پریسترۆیکاوە وڵات بە بێ ڕوودانی جەنگیی ناوخۆیی بەڕێوە ببرێت، بۆ ئەم مەبەستە لە کانونی یەکەمی ئەو ساڵەدا دیدارێك لە نێوان ئەم و جۆرج بۆش لە دورگەی ماڵتا سازدرا، ئەو دیدارە بە ساتی کۆتایی هاتنیی جەنگیی سارد دائەنرێت، لەبەرئەوەی هەردوو لایان دانیانا بە کۆتایی ئەو جەنگە، بەڵام لە هەمان کاتدا هەردوو لایان ڕاو بۆچوونیی جیاوازیان لە بارەی جیهان بینییەوە هەبوو (Radchenko, ٢٠١٩, ٣١). هەرچەندە لەو دیدارەدا جۆرە سازشێك لە نیوان هەردوو لادا کرا، بەڵام هەندەی نەبرد بە دوای کۆتایی هاتنیی جەنگیی سارد، ئەمریکا بە هەلی زانیی هەژموونیی خۆی بەسەر جیهاندا بسەپێنێت، ئەگەرچی ناوبراو ئەیزانی کە ئەو هەژموونییەی ئەمریکا دێتە ئاراوە هەروەك سەرۆك وەزیرانی ئیتالیا پێی وتبوو، بەڵام گۆرباچۆڤ ئەوەی بە هەڵە لێکدایەوە کە نە براوە و نە دۆڕاو لە کۆتایی هاتنیی جەنگیی ساردا بوونی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمریکا لایەنی سودمەند بووە (Radchenko, ٢٠١٩, ٣١).

گۆرباچۆڤ لەوەشدا کەوتبووە هەڵەوە، کە پێی وابوو سیستمێکی سیاسیی لە ئەوروپایەکیی نوێدا پێك دێت بە گۆڕینیی ئەرازوو و هێز بۆ ئەرازووی بەرژەوەندیی و بەرقەرارکردنی ئاشتیی لەو کیشوەرەدا، بەڵام لە دواتردا ئەوەی بۆ دەرکەوت کە هاوبەشەکانیی لە ئەوروپای ڕۆژئاوا هەمان ڕاو بۆچوونیی ئەمیان نییە (Savranskya, ٢٠٢٠: ١٠٥).

گۆڕانکاریەکانی ناو ئەڵمانیا بووە هۆی ئەوەی گۆرباچۆڤ سەردانی شاری بەرلین لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٩دا بکات، دوای ساڵێك بە هۆی دانیشتنێکی نێوان جۆرج بۆشی باوك - سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و گۆرباچۆڤ، چەند رێککەوتننامەیەك سەبارەت بە چەکی ئەتۆمیی و کیمیاییان واژو کرد، هەروەها ناوبراو دانینا بە ئەڵمانیایەکیی یەکگرتوو، ئەوە بوو لە تشرینی دووەمی ئەو ساڵەدا رێککەوتننامەی پاریس واژو کرا، کە بەڵگەیەکی فەرمییانەی تر بوو بۆ کۆتایی هاتنی جەنگیی سارد (بجورنلۆند، ٢٠٠٩: ١٤١).

بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی لە وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات روویاندا و بووە هۆی گۆڕانکاری لە سیستمی دەسەڵاتیاندا کە لە دەوڵەتیی کۆمۆنیسییەوە بۆ دەوڵەتی ناکۆمۆنیستیی گۆڕدران، بەڵام دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت نەیانتوانی هیچ بەرپەرچ دانەوەیەکی سەربازیی بۆ رێگرتن لەو گۆڕانکاریانە بکەن ئەوەش بە لێ دانێکی توند لە سیاسەتیی دەرەوەی سۆڤیەت دائەنرا، لەبەرئەوەی خودی گۆرباچۆڤیش پێی وابوو مەترسی بۆ سەر سۆڤیەت دروست ئەبێت، لە هەمان کاتدا ئەو گۆڕانکاریە کاریگەرییەکیی گەورەی لەسەر کۆمارەکانی ناو یەکێتی سۆڤیەتیش هەبوو، تەنانەت گۆرباچۆڤ هیچ هەنگاوێکیی نەگرتە بەر بۆ رێگرتن لە جیابوونەوەی کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەت، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی ئەو وڵاتە بەرەو لێك هەڵوەشان بڕوات (بوزان و أشار، ٢٠٢٣: ١٩١).

بە هۆی نارەزایی کۆمارەکانی ناو یەکێتیی سۆڤیەت لە رووی سیستمی سیاسییەوە، خۆپیشاندان بە بەردەوامیی ئەکرا، هەرچەندە گۆرباچۆڤ ویستی لە رێی ئاشکراکردنی سیستمێکیی فرە پارتی بەبێ ئەوەی سەرکردەکانیی کۆمۆنیستەکان دڵگران بکات، ئەو نارەزایەتییانە دامرکێنێتەوە، بەڵام ئەو هەوڵەی بۆ نەچووە سەر، ئەوە بوو لە ئازاری ١٩٩٠دا سەربەخۆیی بوونی کۆمارەکانی ناو سۆڤیەت سەریهەڵدا، سەرەتا لە لیتوانیاوە سەریهەڵدا، هەرچەندە هێزی سەربازیی بۆ رێگری بەکار نەهێنرا، بەڵام گەمارۆی ئابووریی بەسەر ئەو وڵاتەدا سەپێندرا، بەڵام ئەو بڕیارەی گۆرباچۆڤ سەری نەگرت و ئەوە بوو دوای مانگێك کۆمارەکانی بەڵتیکیی ستۆنیی و لاتیڤیا داوای سەربەخۆییان کرد (Issacs and Dawning, : ٤٠١).

بۆ زیاتر فراوان نەبوونیی ئەو سەربەخۆییانەی کۆمارەکان، گۆرباچۆڤ هەندێك پرۆژەی خستەڕوو، لەوانە مافی ئۆتۆنۆمی زیاتر بدرێت بە کۆمارەکان، بەڵام بانگەشە سەربەخۆییەکان گوێیان بەو پێشنیارانەی ناوبراو نەگرت و بانگەشەی سەربەخۆیی بوون رووی لە زیادبوون ئەکرد، ئیسحاق و داوینگ لە بارەی ئەو رەوشەوە بەم شێوەی نووسیویانە: «یەکێتی سۆڤیەت کەوتبووە نێو دوو لایەنەوە یەکێکیان بەرەو لای گۆرباچۆڤ و ئەوی تریان بەرەو لای بۆریس یەڵتسن ئەچوو، ئەمەی دواییان لە ساڵی ١٩٩٠دا لە رێی هەڵبژاردنەوە کرایە رێبەری کۆماری نوێی رووسیا (Issacs and Dawning, ١٩٩٨ : ٤٠١). لە بارەی ئەو تەنگژانەی کە یەکێتیی سۆڤیەتی گرتبووەوە، بریماکۆف لەو کاتەدا کە وەزیری دەرەوە بوو ئەڵێت: «گۆرباچۆف رابەرێکی سیاسەتیی دەرەوەی سۆڤیەت بوو لەکاتێکدا کە ناوخۆی وڵات بە دۆخێکی دژواردا تێ ئەپەڕیی و کۆمەڵێك دەیانوت وڵات دارماوە، ئەوانە بیریان لەوە ئەکردەوە کە لاوازی وڵات بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاربهێنن» (باستور ٢٠١٠: ٢٣٦).

لە هەوڵدان بۆ پشتگیری لە پاشەکشێی یەکێتیی سۆڤیەت، لە تەممووزی ١٩٩١دا گۆرباچۆف بەرنامەیەکی ئاشکراکرد کە تێیدا ئەیویست کۆمارەکانی تر لە دەسەڵاتدا هاوپشك بکات و هاوکات لە رێی ئەم بەرنامەیەوە پێشنیاری ئەوەشیی خستەڕوو، کە ئابووریی بازاڕ فراوان ببێت و بیروباوەڕیش ئازاد بێت و لەگەڵیشیاندا دەسەڵاتی پاوانخوازیی پارتی کۆمۆنیست کۆتایی پێ بێت، ئەم پێشنیارانە بوونە جێی پشتیوانی خەڵك جگە لە بیرۆکراتە کۆمۆنیستەکان و ئەفسەرانی سوپا لەگەڵ دابەشکردنی دەسەڵاتدا نەبوون، لەبەر ئەوەی بە جێبەجێکردنی ئەو پێشنیارانە پلەوپایەکانیی

ئەو دووانە ئەکەوتنە بەر هەڕەشە. (Jones, ١٩٩٥: ٤٠٥).

لەگەڵ بەردەوامی دەنگی ناڕەزایەتیی بانگەشەکردن بۆ سەربەخۆیی، ململانێی سیاسیی لەناو دەسەڵاتداریی یەکێتیی سۆڤیەتدا پەرەی ئەسەند، ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٩٠دا گەیشتە ئەو ئاستەی کودەتایەك لە دژی دەسەڵاتەکەی گۆرباچۆڤ بکرێت و گەمارۆی کۆشکی سەرۆکایەتییەکەشیان دا، بەو هۆیەوە رەوشی وڵاتەکە بەرەو ئاڵۆزی ئەچوو، هەرچەندە گوشاریان ئەخستە سەر ناوبراو بۆ ئەوەی راگەیاندنی هەلومەرجی نائاسایی دەربکات، ناوبراو ئەو داوایەی پەسەند نەکرد و بەو هۆیەوە خەڵکیی رژانە سەر شەقامەکان، یەڵتسن لەو کاتەدا وتارێکی پشتگیریانەی بۆ گۆرباچۆڤ بڵاوکردەوە، هەرچەندە کودەتاچییەکان بەردەوام نەبوون لە فشارەکانیان، بەڵام گۆرباچۆڤ بە ناچاری لە ٢٤ی ئابی هەمان ساڵدا دەستی لە رێبەریی پارتی کۆمۆنیستیی راگەیاندن (ملیتشین، ٢٠٠١: ٩ - ١١).

لە دوای ئەو دەست لەکارکێشانەوەیەی هەر لە هەوڵی بەردەوامدا بوو بۆ چارەسەری ئایندەی سۆڤیەت، بەڵام خەڵکەکە چیتر باوەڕیان بە گۆرباچۆڤ نەما، لە ئاکامی ئەوەدا هەریەکە لە سەرۆکەکانی سێ کۆماری رووسیا و ئۆکرانیا و بیلا رووسیا بەبێ ئامادەبوونی گۆرباچۆڤ کۆبوونەوە و بڕیاریی لێکهەڵوەشانیی یەکێتیی سۆڤیەتیان بۆ ساڵی ١٩٩٢ راگەیاند (بجورنلۆند، ٢٠٠٩: ١٤٨). ئەو هەڵوێستە نوێیەی ئەو سێ کۆمارە پێچەوانەی هەڵوێستیی پێشتریانە لەو کاتەی یەکێتیی سۆڤیەت لە ساڵانی ١٩١٨- ١٩٢١ دامەزرا، دوای ئەوەی رووسیا، ئۆکرانیا، بیلا رووسیا، زانفقازی فیدراڵیی واژۆیان لەسەری کرد، هەرچەندە ئەوەی دواییان دوای ماوەیەك هەڵوەشایەوە، بەڵام هەر ئەو سێ کۆمارە بوونە هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩١دا (ملیتشین، ٢٠٠١: ٤٦ - ٤٧).

لە ئەنجامی ئەو نوشوستییەی گۆرباچۆڤ لە بارەی بەرنامەی سیاسەتیی دەرەوەیدا بەرامبەر داڕشتنەوەی ئەورووپایەکی نوێ، ناچار رووی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانیی ئەمریکا کرد بۆ ئەوەی ببێتە ئەندام لە پەیمانی ناتۆ، هەر لەو ساڵەدا ناوبراو بەم شێوەیە داوای لە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا (جیمس بیکەر) کردبوو: «تۆ ئەڵێیت ناتۆ لە دژی ئێمە نییە و سیستمێکیی بەرگریکارە، لەبەرئەوە پێشنیار ئەکەم ببینە ئەندام لەو پەیمانەدا، کە لەم باردۆخە ناسکەدا باوەڕ ناکەم ئێمە بەمشێوەیە پەراوێز بخەن» (Radchenko, ٢٠١٩, ٣٣).

ئەو سازشکردنەی گۆرباچۆڤ بە هۆی تێنەگەیشتنی تەواوی بووە لە سیاسەتیی ئەمریکا، چونکە وەك خۆی بۆی دەرکەوتبوو، کە وڵاتانی ئەورووپای رۆژئاوا گوێ لە پێشنیارەکانی ناگرن، ئەبوایە هەمان تێگەیشتنیشیی بۆ ئەمریکا هەبوایە، لەبەرئەوەی هەموو ئەوانە لە بلۆکی رۆژئاوادان کە پەیمانی ناتۆیە و ویلایەتە یەکگرتووەکانیی ئەمریکا سەرکردەی ئەو پەیمانەیە. ئەو سازشکردن و خۆ نزیککردنەوەیەی گۆرباچۆڤ لە وڵاتانی رۆژئاوا و ئەمریکا ئەنجامێکی ئەرێنیی لێ نەکەوتەوە، بۆ پشتڕاستیی ئەوە ئەوەبوو لە کۆنگرەی وڵاتانی گرووپیی حەوت (G٧) لە تەمموزی ١٩٩٠دا لە شاری هوستن لە ئەمریکا، گۆرباچۆڤ ئارەزووی لە وەرگرتنی یارمەتیی دارایی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەبوو، بەڵام ئەو وڵاتە رێگری لەوە کرد بە پاساویی ئەوەی کە پێویستە چاکسازیی لە یەکێتیی سۆڤیەتدا بکرێت، تەنانەت خودی جۆرج بۆش سەرۆکی ئەو کاتەی ئەمریکا و وڵاتانی ئەو گرووپە بە هۆشیارییەوە لەو داواکاریەی گۆرباچۆڤ روانیویانە (Kilpatrick, ٢٠٢٠: ٥٠).

هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی لە ناوخۆی سۆڤیەت و پەیمانی وارشۆدا روویان دا، ئەو وڵاتە لە دوای جەنگیی دووەمی کەنداو (داگیرکردنی کوەیت لە لایەن عیراقەوە)، پانزە کۆماری ناو یەکێتیی سۆڤیەت جیابوونەوەی خۆیان راگەیاند، هۆکارەکەی بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کە لە ساڵی ١٩٩٠ بەدواوە ئەو کۆمارانە رووبەڕووی دارمانی ئابووریی و گەندەڵیی و جەنگ ببوونەوە (Pevehouse, ٢٠١٤: ١٥).

ئـەو سـازش و داواکاریانـەی گۆرباچـۆڤ بـە واتـای روو وەرگێڕانـی سیاسـەتیی دەرەوەی سـۆڤیەت دێـت بـەرەو رۆژئـاوا ئەمـە لـە لایـەك، لـە لایەکـی تـرەوە سـڕینەوەی سیسـتمی سیاسـیی یەکێتیـی کۆمۆنیسـتیی یەکێتیـی سـۆڤیەت دێـت کـە لـە سـاڵی ١٩٢٢ دارێژرابـوو، هەروەهـا لەوەشـدا خـۆی ئەبینێتـەوە، کـە ئاشـکراکردنیی هێـز و توانـای سـەربازیی سـۆڤیەتە بەرامبـەر بـە پەیمانـی ناتـۆ. بـە هـۆی ئـەو چاکسـازییانەی گۆرباچـۆڤ کـە لـە ڕێـی پیریسـترۆیکا و گلاسنۆسـت –ەوە جیبەجـێ بـکات، نەیتوانـی لـەو کارانەیـدا سـەرکەوتوو بێـت بـە هـۆی نارەزایـی فراوانـی هاوڵاتیانـی یەکێتیـی سـۆڤیەت و کۆمارەکانـی نـاو ئـەو یەکێتییـە، بـەو هۆیـەوە لـە سـاڵی ١٩٩١دا سیسـتمی سیاسـیی یەکێتیـی سـۆڤیەت هەڵوەشـایەوە و دەوڵەتەکـەش داڕمـا، ئـەو رووداوە بـوو بـە هۆکارێـك بـۆ ڕەوانـەوەی مەترسـیی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا و ئەوروپـای ڕۆژئـاوا لـە بلۆکـی سۆشیالیسـتیی ڕۆژهـەڵات و دوو جەمسـەریش لـە ئـارادا نەمـا.

## ئەنـجـام:

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا ئەگەینە چەند خاڵێك کە بریتین لە:

١- لـە دوای دامەزراندنـی یەکێتیـی سـۆڤیەت، گـۆڕانـکاری و داڕشـتنەوە لـە سیسـتمی سیاسـیی ئـەو وڵاتـەدا لـە سـەردەمی حوکمڕانـی لینیـن دا هاتنـە ئـاراوە.

٢- ئـەو تەنـگ و چەڵامانـەی دەوڵەتـی سـۆڤیەتیی گرتبـووەوە لـە سـاڵانی حوکمڕانـی سـتالیندا تەنهـا بـۆ خراپـی کەسـایەتی دەسـەڵات و کۆمەڵێکـی تـر لـە نـاو دەسـەڵات و پارتـی کۆمۆنیسـتیدا ناگەڕێتـەوە، بەڵـکو بـۆ ململانێـی شـەڕی ناوخـۆ و پەراوێزخسـتنی ئـەو دەوڵەتـە ئەگەڕێتـەوە.

٣- لـە دوای کۆتایـی هاتنـی جەنگـی دووەمـی جیهانیـی، بـە هـۆی هاتنـە ئـارای دوو هزریـی جیـاواز کـە لـە ئەنجامـدا دوو بلۆکـی رۆژهـەڵات و رۆژئـاوا پێکهـات، بـە هـۆی ململانێـی هـەردوو لایـان جەنگیـی سـارد هاتـە ئـاراوە، کـە بـووە هـۆی دروسـتبوونی بارودۆخێکـی ناسـەقامگیری سیاسـیی و تـا رادەیەکیـش ئابووریـی، کـە بـە هـۆی دەسـتوەردانە دەرەکیەکانیـەوە، راپەڕیـن و شـۆڕش لـە دژی بلۆکـی رۆژهـەڵات دروسـت ببێـت.

٤- لـە سـەروبەندی حوکمڕانـی خرۆشـۆفدا تـا ڕادەیـەك ئـازادی تاکـە کـەس هاتـە ئـاراوە و زۆر لـە بەرنامەکانیـی حوکمڕانـی پێـش خـۆی وەلا نـا و بەرنامـەی نوێـی بـۆ بـەرەو پێـش بردنـی سیاسـەتیی ناوخـۆ و دەرەوە دارشـت، بـەڵام پارتی کۆمۆنیسـتیی دەسـەڵات ڕێگرییـان لـێ کـرد.

٥- لـە سـەردەمی حوکمڕانـی بریجنێڤـدا، هـەر چەنـدە هەوڵـدرا گـۆڕانـکاری نـوێ و گونجـاو بێتـە ئـاراوە، بـەڵام ئـەوە نەکـرا، ئەگەرچـی هەندێـك گـۆڕانـکاری لـە سیسـتمی سیاسـیدا کـرا، بـەڵام بەپێـی پێویسـت نەبـوو، لەبەرئـەوەی لـە چەندیـن لایەنـەوە لەسـەر پرۆگرامـە سیاسییەکانیی پێشـتر وڵات ئەبـرا بەرێـوە، بـە تایبەتیـش لـەوەی سـەردەمی حوکمڕانـی سـتالین جیاوازییەکـی زۆر بـەدی نەئەکـرا.

٦- بـە شـێوەیەکی گشـتیی پاشـماوەی هێزەکانیـی بەرهەمهێنـەر سـاڵ لـە دوای سـاڵ رووی لـە لاوازی ئەکـرد، ئـەوەش بـە هـۆی ئـەو گەندەڵییانـەوە بـوو، کـە نـەك تەنهـا دامودەزگاکانـی دەوڵەتـی گرتبـووەوە، بەڵـکو گەیشـتبووە نـاو خـودی بنەماڵـەی دەسـەڵاتیش.

٧- لـە سـەروبەندیی حوکومڕانـی سـتالین بـە دواوە تاوەکـو حوکمڕانـی گۆرباچـۆڤ، ڕۆڵـی پارتـی کۆمۆنیسـت لـە حکومەتـدا بـە ئەنقەسـت تەمومـژاوی بـوو، دەزگای پڕوپاگەنـدەی سـۆڤیەتیی لـە داڕشـتنیی هەواڵەکانـی ڕادیـۆ و تەلەفزیۆنـدا هـاوکاری ئەکـرد تاوەکـو ئەگەیشـتە ڕادەی ئەفسـانەی سـەربەخۆی ئـەو پارتـە لـە دەوڵـەت، هەروەهـا هێزەکانـی بڕیـاردەر لـە یەکێتیـی

سۆڤیەتدا بە دەستی ئۆرگانە جیاجیاکانی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستیی سۆڤێتیی سپێردراو بوو.

٨- سەردەمی حوکمڕانی گۆرباچۆڤ کە لە ساڵی ١٩٨٥دا دەستی پێکرد جیاواز لە حوکمڕانییەکانی پێش خۆی، کە گۆڕانکاری نوێ هاتنە ئاراوە، ئەوەش بە گرتنەبەری دوو بیرۆکەی نوێی پیریسترۆیکا و گلاسنۆست کە ویستی یەکێتیی سۆڤیەت لە دۆخێکیی پەنگخواردووی دەیان ساڵەوە بهێنێتە دەرێ، لەگەڵ ئەوانەشدا هەوڵی گۆڕینی تەواوی سیستمی سیاسیی لە ناوخۆدا ئەدا کە لە ڕێی پلانێکی فراوانەوە بوو بۆ گۆڕینی وڵات بەرەو دیموکراسیی، ئەوەش لە ڕێی هەڵبژاردنەوە بە کۆتایی هێنان بە ئایدیۆلۆژی کۆمۆنیستیی و دامەزراندنی پارتێکی کۆمۆنیستیی نوێ و دەوڵەتێکی دیموکراسیی، لە رووی سیاسەتی دەرەوەشدا پلانی کۆتایی هێنان بوو بە جەنگیی سارد.

٩- هەرچەندە گۆڕانکاریەکانی سەردەمی حوکمڕانی گۆرباچۆڤ بوونە جێی ڕەزامەندی زۆرینەی ناوخۆی سۆڤیەت و هەروەها کۆمارەکانی سەر بە سۆڤیەت، بەڵام بەشێك لە کۆمۆنیستە توندئاژووەکان ناڕازی بوون، ئەو گۆڕانکاریانە بە جۆرێك جێبەجێ ئەکران کە دواتر نەتوانرا بەری پێ بگیرێت و سنوورێکی بۆ دابنرێت تاوەکو بلۆکی سۆشیالیستیی هەڵنەوەشێتەوە، بەڵام ئەوەی بە خەیاڵی جێبەجێ کارەکەیدا نەئەهات، هەڵوەشاندنەوەی ئەو بلۆکە بوو، ئەو گۆڕانکاریە بووە جێی سەرنج ڕاکێشانی هەموو جیهان بە گشتیی و سیاسەتمەداران بە تایبەتی.

١٠- لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە تاوەکو سەردەمی حوکومڕانی گۆرباچۆڤ دەسەڵاتە یەك لە دوای یەکەکان لە یەکێتیی سۆڤیەتدا بە هەبوونی جیاوازییەکیی کەم کە ئەهاتنە ئاراوە هیچیان نەیانتوانی کەشێکیی ئازادی ڕادەربڕین و سیاسەتێکی گونجاویی دەرەکیی فەراهەم بکەن، بەڵکو بەردەوامیی دانیان بۆ مانەوەی دەسەڵاتی کۆمۆنیستیی بە شێوەی سەپاندن بووە هۆی هاتنە ئارای گروپی نەیار بە دەسەڵات و کەوتنەوەی شەڕیی ناوخۆ و ناڕەزایی نەتەوەکانی ناو یەکێتیی سۆڤیەت.

١١- ململانێ سیاسیەکانیی ناوخۆی یەکێتیی سۆڤیەت نەك کاری کردە سەر خودی وڵاتەکە بە تەنیا، بەڵکو کاریگەریشی لەسەر وڵاتانی هاوپەیمانیی بلۆکی ڕۆژهەڵات دروست کرد، بەو هۆیەوە شۆڕش و ناڕەزایی پەرەیان سەند و دەسەڵاتی کۆمۆنیستیی بەرەو رووی قەیرانی سیاسیی گەورە و لاوازی ئەبووەوە تاوەکو ئەوەی لە سەردەمی گۆرباچۆڤدا بلۆکی ڕۆژهەڵات داڕما.

١٢- بە هۆی دابینکردنی سامانێکی زۆری وڵات بۆ بواری سەربازیی، کە نەك کاریگەری خراپی لەسەر ئابووریی یەکێتیی سۆڤیەت دروستکردبوو، بەڵکو نەیتوانی لە ڕێی ئەو چەکانەوە بەرگری لەو بارودۆخە سیاسییە دژوارە بکات کە لە ناوەڕاستی ساڵانی هەشتاکانەوە رووبەڕووی ببوەوە، ئەوە بوو لە سەرەتای نەوەدەکاندا لێك هەڵوەشانەوەیشی بە دوادا هات.

١٣- بیرۆکراتەکان و سەرکردەکانی پارتی کۆمۆنیستیی یەکێتیی سۆڤیەت ڕێگر و ئاستەنگ بوون بە پلەی یەکەم لە بەردەم ئەو چاکسازییانە کە لە وڵاتدا ئەکران، ئەوەش هۆکارێکی بنەڕەتی بوو بۆ لێك هەڵوەشانی ئەو وڵاتە.

١٤- بە هۆی هەلومەرجی گۆڕینی دەسەڵات کە لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و پۆڵندا و هەنگاریا هاتە ئاراوە، نەبوونی پلانێك بوو بۆ پەرەنەسەندنی بارودۆخەکە لە لایەن دەسەڵاتداریی سۆڤیەتەوە، کە سەرەتای لێکهەڵوەشانی یەکێتیی سۆڤیەتیی بەدوادا هات.

١٥- بەرگریکردن لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و دابینکردنی داراییەکی زۆر بۆ ئەو وڵاتانە بە پێی ئەو ڕێکەوتنەی نێوانیان و یەکێتیی سۆڤیەت، سۆڤیەت نەك هیچ سوودێکیی لەوە دەست نەکەوت، بەڵکو ئەو وڵاتانە بوونە هۆی زیانگەیاندن بە بواری ئابووریی و سیاسیی یەکێتیی سۆڤیەت و داڕمانیشی.

پاشکۆ:




پەیکەری سیستمی سیاسیی لە دەوڵەتی یەکێتی سۆڤییەتدا

وەرگیراوە لە: https://www.merxists.org,ussr,govermentsoviet

## لیستی سەرچاوەکان


یەکەم: کتێبەکان

أ- کوردییەکان:

١. بجورنلۆند، بریتا: جەنگی سارد، وەرگێڕانی: هەژار رەحیمی، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٩.

٢. پیترۆزا، دیڤید: مێژووی بلۆکی رۆژهەڵات، وەرگێڕانی: ئەسکەندەر مەحمود، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٩.

٣. دان، جۆن ئێم: شۆڕشی ڕوسیا، وەرگێڕانی: هەژار ڕەحیمی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٩ .

٤. لاشۆن، رەیدار: گەلە ئایدۆلۆژیای سیاسی هاوچەرخ ، و: ئاسۆس کەمال، سوید، ٢٠٠١ .

٥. ماتیۆز، جان. ر: سەرهەڵدان و رووخانی یەکێتی سۆڤیەت، وەرگێڕانی: ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٩.

٦. مەکمان، رۆبەرت جەی: جەنگی سارد، وەرگێڕانی: شاناز ڕەمزی هیرانی ، دەزگای ئایدیا، سلێمانی، ٢٠١٧ .

٧. ئیحسان، محەمەد (د): ململانێیە نێودەوڵەتیەکان لە سەدەی بیستەم دا، وەرگێڕانی: ئاسۆ کەریم، کامەران ئەحمەد، هەولێر، ٢٠٠١.

ب- عەرەبییەکان:

١. باستور، روبرت. أ: رحلة قرن، ترجمة: هاشم احمد محمد، القاهرة، ٢٠١٠.
٢. برايسى، فليب: موجز تأريخ الاتحاد السوفيتى، ترجمة: جليل قطو، القاهرة، ١٩٦٠.
٣. بوزان، بارى؛ اميتاف، أشار: تشكيل العلاقات الدولية العالمية، ترجمة: عمار بوعشة، سلسلة عالم المعرفة - الكويت، ٢٠٢٣.
٤. تميرلى، كرانت أ. م. هارولد: اوروبا فى القرنين التاسع عشر والعشرين ١٧٨٩ – ١٩٥٠، ترجمة: محمد ابو درة، القاهرة ١٩٦٧.
٥. جورباتشوف، ميخائيل: روسيا الجديدة – مذكرات ميخائيل جورباتشوف، دار نشر العبيكان، موسكو، ٢٠١٥.
٦. رولوفن، بيير: تأريخ القرن العشرين ١٩٠٠ – ١٩٤٨، ترجمة: نورالدين حاطوم، دمشق، ١٩٥٩.
٧. زارودوف، قسطنطين: اللينينية و قضايا الانتقال من الرأسمالية الى الاشتراكية فى الظروف الراهنة، دار التقدم، موسكو، ١٩٧٥.
٨. ستالين: اسس اللينينية، لجنة من الترجمة، دار الفارابى ، دمشق، ١٩٥٩ .
٩. غورييف، سيدوغين: النشاط التشريعى فى الاتحاد السوفيتى، دار التقدم، موسكو، ١٩٧٧.
١٠. غوسوف ونعومن: الاتحاد السوفيتى لمحة تأريخية موجزة، دار التقدم، موسكو، ١٩٧٧.
١١. غورباتشوف، ميخائيل: البيريسترويكا – الى اين نحن سائرون؟ دار المأمون، بغداد، ١٩٩٠.
١٢. جورباتشوف، ميخائيل: البيريسترويكا - تفكير الجديد لبلادنا وللعالم، ترجمة: حمدي عبدالجواد، مراجعة: محمد المعلم، الطبعة الرابعة، بيروت، ١٩٩٠.
١٣. كليف، تونى: رأسمالية الدولة فى روسيا، ترجمة: عمر الشافعى، مركز الدراسات الاشتراكية، مصر، ١٩٩٨.
١٤. ليلتشوك، بولياكوف، برونوبوف:موجز تأريخ المجتمع السوفيتى، ترجمة: خيرى الضامن، دار التقدم، موسكو، ١٩٧٣.
١٥. مليتشين، ليونيد: تأريخ روسيا الحديثة من يلتسين الى بوتين، ترجمة: طه الوائلي، دار علاء الدين، دمشق، ٢٠٢١.

ج- ئینگلیزییەکان:

١. Cliff, Tony: Russia, Marxist analysis, London, ١٩٦٤.
٢. Deller, Daniel: Russian and the independent states. Washinton . , DC: Congressional Quarterly , ١٩٩٣.
٣. Grey. Lan: The fifty years Soviet Russia ١٩١٧- ١٩٦٧, New york, Coward- Mccann. ١٩٦٧.
٤. Hardy, Alfredo, T: America's Two Cold Wors From Hegemony to Decline? (First Edition), Palgrave Macmillan, ٢٠٢٢.
٥. Isaas, Jeremy, Dowing, Taylor: Cold War: An illustrated History ١٩٤٥ – ١٩٩١, First Edition, ١٩٩٨. Mishawaka, U. S. A.
٦. Kilparick, A: After the Berlin Wall (Vol. ١), Central European University press, ٢٠٢٠.
٧. Kort, Micheal: The Columbia Guide to the Cold Wor, New york, Columbia University press. ١٩٩٨.
٨. KOTOK, VIKTOR: The Soviet Representative. System, Translated by, M. Saifulin, Moscow, ٢٠٢١.
٩. Pevehouse, J. S. G. C: International Relations, Pearson, U. S. A, ٢٠١٤.

١٠. Radchenko, S: Mikhail Gorbachev's ١٩٨٩, Atlantisch Perspectief, ٢٠١٩.

١١. Robert, Henry L: The Russian Revolution and the stalin Era, New York : Harper and Row , ١٩٧٢.

١٢. WALKER, MARTIN: THE COLD WAR, New York, ١٩٩٥.

١٣. Zichet, Roymond, E: Soviet Union, Acountry study, Washington Dc, Library of Congress, ١٩٩١.

١٤. Zubok, V: Intelligentsia as a Liberal Concept in Soviet History. In R. M. Cucciolla, Dimensions and Challenges of Russian Liberalsim: Historical Drama and New Prospects, ٢٠٢٠.

دووەم: بڵاوکراوەکان

١. گۆڤار:

أ. عەرەبی:

ليغاتشيف: ماذا جرى ويجري في الاتحاد السوفيتيى (سابقا)، ترجمة: أحمد النعمان، مجلة الثقافة الجديدة، العدد ٢٤٩، ايلول ١٩٩٢، السليمانية.

ب- ئینگلیزی:

١. Savranskaya, S: Gorbachevs' "New Thinking", A Proto Liberal Program for the Soviet Union, In R. M. Cucciolla (Ed), Dimensions and Challenges of Russian (Vol. ٨). Springer, ٢٠٢٠.

٢. Talbott, Strobe: "The Serbian Death Wish". Time – the weekly news magazine (١٣٩, ٢٢ June ١, ١٩٩٢).

٢. رۆژنامە:

أ. عەرەبی:

١. (حبيب، عبدالرحمن، قصة هدم جدار برلين.. أشهر الجدران العازلة فى العالم، جريدة اليوم السابع، الثلاثاء ٩ نوفمبر ٢٠٢١، القاهرة.

٢- جريدة الشرق، ٣١ اغسطس ٢٠٢٢، دبي – الامارات العربية المتحدة.

ب- ئینگلیزی:

Guradian: Romania ١٩٨٩: Ceausescu goes down in blood – archive ١٩٨٩, Dcc٢٣, ٢٠١٩.

سێیەم: پێگە ئەلەکترۆنییەکان

https://www.merxists.org,ussr,govermentsoviet